گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی (٦) – ژمارە (٤)، پاییزی ٢٠٢١
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

# (عیشق) و (مەی) وەک دوو چەمکی بنەڕەتی لە شیعرەکوردییەکانی مەلاوەسماندا

**م.ی. پشتیوان ئەسعەد کەریم**
بەشی شیکاری نەخۆشییەکان، پەیمانگەی تەکنیکی سۆران، زانکۆی پۆلیتەکنیکی هەولێر، هەرێمی کوردستان، عێراق
pshtiwan.kareem@epu.edu.iq

**م.ی. هاوکار جمیل محمد**
بەشی سیستەمە زانیاریە کارگێڕیەکان، کۆلێژی تەکنیکی شەقڵاوە، زانکۆی پۆلیتەکنیکی هەولێر، هەولێر، هەرێمی کوردستان، عیراق
hawkar.mohammed@epu.edu.iq

**پ.ی.د. ئازاد احمد محمود،**
بەشی کارگێری کار، زانکۆی پۆلیتەکنیکی هەولێر- کۆلێژی تەکنیکی کارگێری هەولێر. کوردستان.
azad.mahmood@epu.edu.iq

## زانیاریەکانی توێژینەوە

**بەرواری توێژینەوە:**
وەرگرتن: ٢٠٢١/٩/١
پەسەندکردن: ٢٠٢١/١٠/٢٧
بڵاو کردنەوە: پاییزی ٢٠٢١

**ووشە سەرکییەکان**
Love, alcohol, symbol, Mullah Wasman, Sufi poetry.

## پوختە

ئەم توێژینەوەیە لە بەهای مژارە سەرەکییەوە خۆی دەبینێتەوە، کە (عیشق و مەی وەک دوو چەکی بنەڕەتی لە شیعرە کوردییەکانی مەلا وەسمان)دا، دیارە بابەتەکە، کە مەلا وەسمان دایناموٚیەتی باس و سەربردەی عیشق و عاشق بۆ مەعشووقەکەی کە بونیاتی بابەت ڕەهای ئاشکراکردنی ڕۆحی شانازییە بۆ مەعشووقەکەی. خاڵ و ناوەندەکانی: مەی و مەیخانە و ساقی لە ناو شیعرەکاندا چکەرە دەکات و بەردەگرێت. ئەم توێژینەوەیە لە پێشەکییەک و دووبەش پێکهاتووە، لەبەشی یەکەمی ئەم توێژینەوەیەدا جۆرەکانی عیشق دیاری دەکات، ئەو هێمایانەی کە بەکارهێنراون لە لایەن شاعیرەوە، پێوەری عیشقەکەی ئاشکرا دەکات، توێژینەوەکە چەقی ئەو ناوەندە پرسیارە یەکلا دەکاتەوە، کە ئایا عیشقی

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەڕەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی (٦) – ژمارە (٤)، پاییزی ٢٠٢١
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

Doi:
10.25212/lfu.qzj.6.4.46

شاعیر، عیشقێکی: خودایی یان دونیاییە؟ ئەمە سەرەڕایی چەندین پێناسەی چەمکی عیشق و جۆرەکانی، مەی و مەیخانە و بەهای ڕۆحی و عیشقیان ڕوون کراونەتەوە.
بەشی دووەمی توێژینەوەکە، مەعشووقەکانی شاعیر، کە بریتین لە: خودا، پێغەمبەر، پێشەوای تەریقەت( شێخ عوسمانی تەویلە)و یار، دیاری دەکات، هەریەکەیان دەخاتە بەرباس و لێکۆڵینەوە، دواتر ناوەندێک لە پانتایی عیشقی بەهێز و بێ هێزدا دەکاتە ئامانج، هەروەها لەباسی (مەی)دا ئایدیای حەلال و حەرام فەرامۆش ناکات، بە بەڵگە ڕوونکردنەوە و ڕاقە بەرچاودەکەوێت.
دواتر ئەم توێژینەوە لەبارەی شیعرەکوردییەکانی مەلا وەسمان هەولێکی یەکەم جارە و تازەی خستۆتەڕوو، ئەویش، ئاماری غەزەلەکان و دێڕی غەزەلەکانی کردۆنە ئامانج و بە شێوازی بیرکاری و ئامارییی: ( عاشق و عوشاق و حوب و مەحبوب و یار و دولبەر و ئەحباب و دۆست و مەی و شەراب ...) نیشان داوە. لە کۆتایی توێژینەوەکەدا ئەنجام و لیستی سەرچاوەکان، پوختەی بە زمانی عەرەبی و ئینگلیزی خراونەتەڕوو.

## پێشەکی:

عیشق سەرچاوەی بنەڕەتی شیعری ( مەلا وەسمان)[1]ە، شاعیر ئەم لایەنەی بە جەخت و تۆخ نیشانداوە، بە وردەکاری و شێوازی جوانی سۆفیانە[2] دەربڕیووە، هەوڵیداوە ئەم عیشقە بکاتە ڕەنگرێژی شیعرەکانی، لەگەڵ مەی تێکەڵی کردووە و بۆ ئەوەی زیاتر و جوانتر و قووڵتر لە عیشقەکەی بدوێت.

[1] مەلاوەسمانی شاعیر، ناوی تەواوی (مەلاعوسمانی کوڕی حاجی ئیسماعیل)ە، لە ساڵی ١٨٠٦ لەگەڕەکی دەرگەزێنی شاری سلێمانی لە دایکبووە، شاعیر دوو نازناوی شیعری هەبووە ( حەزین، فایق) هەروەها نازناوی شێخێتی ( عماالدین) بووە و لە ناو خەڵکی بە مەولانا ناسراوە، لەساڵی ١٨٨٩ کۆچی دوایی کردووە و لە خانەقاکەی خۆی نێژراوە. ( شوان: ٢٠١٢، ٣١٥ – ٣١٦).

[2] شیعرەکانی مەلا وەسمان بە دەوری شیعری سۆفیانەدا دەسوڕێنەوە، لەبەر ئەوە بە پێویستمان نەزانی تەوەری تایبەت لە بەشی تیۆری توێژینەوەکەماندا لەبارەی (شیعری سۆفیانە)وە بۆ تەرخان بکەین. لە بەشی پراکتیکدا بەشێوەی ڕاستەوخۆ لە زۆر شوێنەوە لە بارەی دواوین.

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەڕەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی (٦) – ژمارە (٤)، پاییزی ٢٠٢١
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

سنوور و ناونیشانی توێژینەوە:

سنووری توێژینەوەکەمان خۆی لە چوارچێوەی چەمکەکانی ( عیشق، مەی) و چۆنیەتی مامەڵەکردنی شاعیر (مەلاوەسمان) لەگەڵ ئەم دووچەمکەدا، هەروەها چۆنێتی ڕەنگدانەوەی لە شیعرە کوردییەکانیدا دەبینێتەوە، بۆیە ناونیشانی توێژینەوەکەمان کردووە بە: (عیشق) و (مەی) وەک دوو چەمکی بنەڕەتی لە شیعرەکوردیەکانی مەلا وەسماندا.

هۆکاری هەڵبژاردنی توێژینەوەکە:

هۆکاری هەڵبژاردنی توێژینەوەکەمان پەیوەستە بە دوو هۆکاری گرینگەوە:

١. (مەلاوەسمان) یەکێکە لە شاعیرانی کلاسیکیی کرمانجی ناوەڕاست، هاوسەردەمی (نالی، سالم، کوردی) ژیاوە، پ.د. ئیبراهیم ئەحمەد شوان پێی وایە: (کە چوارەم کوچکەی بابانە، ئەگەر( نالی، سالم، کوردی) وەک سێکوچکەی بابان سەیربکرێن، ئەوە مەلا وەسمان چوارەم کوچکەی بابانە، چونکە هاوسەردەمی ئەوانە، شیعرەکانی هاوهێزی شیعری ئەوان نەبووبێ کەمتریش نەبووە)(شوان:٢٠١٢، ٣١٦)، بەڵام لە توێژینەوەی ئەکادیمیدا کەمتر لای لێکراوەتەوە و بە دەم شیعرەکانییەوە چوونە.

٢. (عیشق و مەی ) دوو زاراوەی سەرەکی شیعرەکانییەتی، وەک دوو چەمکی بنەڕەتی لە شیعرەکانیدا ڕەنگی داونەتەوە.

گرفت و گرنگی توێژینەوەکە:

گرفتی ئەم توێژینەوەیە گەڕان و سەلماندنی چەمکی ( عیشق) و ( مەی)ە لە شیعرەکانی مەلاوەسماندا، کە وەک دووچەمکی بنەڕەتی و سوورانەوەی تەواوی شیعرەکانی بە دەوری ئەم دوو چەمکەدا، هەر بۆیە هەوڵمانداوە بە شێوازی ئامار و ڕێژەکانیان لەسەر ئاستی دێرەشیعر و غەزەلدا ئامانجەکەمان بپێکین، گرنگی توێژینەوەکەش خۆی لەم خاڵەدا دەبینێتەوە.

میتۆدی توێژینەوەکە:

لەسەر میتۆدی وەسفی- شیکاریی توێژینەوەکە ئەنجامدراوە، هاوکات پشت بە میتۆدی ئاماریش بەستراوە، بۆ دەرخستنی خشتەی ئاماریی لە بەکارهێنانی وشە و دەستەواژە و هێماکانی پەیوەست بە (عیشق) و (مەی).

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەڕەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی (٦) – ژمارە (٤)، پاییزی ٢٠٢١
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

بابەتی توێژینەوە: باس و خواستی عیشقە بۆ مەعشوقەکەی، بارودۆخی خۆی ئاشکرا دەکات و شانازی بە مەعشوقەکەی دەکات، کە چەندین ئاستەنگی لەبەردەم بێت ڕوو لە مەعشوقەکەی وەرناگێڕێت، لەناو شیعرەکاندا مەی و مەیخانە و ساقی بابەتێکی گەرم گورە.

ئامانجی توێژینەوە: دەستنیشانکردنی جۆرەکانی عیشق و ئەو هێمایانەی، کە بەکاری هێناون تاوەکو ڕادەی عیشقەکەی پیشان بدرێت، هەروەها ئامانجمانە ئەوە دەربخەین، ئایا شاعیر عیشقەکەی خوداییە یاخود دونیاییە؟.

پلانی توێژینەوە: ئەم توێژینەوەیە لە دوو بەش پێکهاتووە، بەشی یەکەم: تیۆرییە دابەشکراوەتە سەر سێ تەوەر. تەوەری یەکەم: چەمک و زاراوەی عیشق. تەوەری دووەم: چەمک و زاراوەی مەی. تەوەری سێیەم: مەزراندنی هێما. بەشی دووەم: لە چەند تەوەرێک پێکدێت، تەوەری یەکەم: مەعشوقەکەی مەلا وەسمان، تەوەری دووەم: عیشقەکەی لە نێوان توانایی بەهێزی و لاوازیدا، تەوەری سێیەم: مەیخواردنەوە لە نێوان حەڵاڵ و حەرامدا، تەوەری چوارەم: مەی و ساقی مەیخانە، تەوەری پێنجەم: عیشق و مەی ناساندن و شانازی کردن، لە کۆتایی باسەکەدا خشتەیەکی ئاماری خراوەتە ڕوو، دواتر ئەنجامەکانی توێژینەوە بە خاڵ دیاری کراون، لە کۆتایدا لیستی سەرچاوەکان دانراون.

## بەشی یەکەم

## چەمکی عیشق و پێناسە:

شیعری سۆفیانە لێوان لێوە لە هەڵچوونی دەروونیی هەست پێکراو، شیعرێک پڕاوپڕ لە پایەکانی هونەری، کە هێما و ئاماژەی زۆری لە خۆ گرتووە، تێکستەکانیشیان پڕە لە تاقیکردنەوەی ڕاستگۆیی و خاوێنی و دوور لە دروستکراو. ئەم ئەدەبەش گرینگییەکی بێ هەژمار بە عیشقی خودایی و مەجازی دەدات، بێگومان بە هەڵسەنگاندن و شیکردنەوەی تێکستە ئەدەبییەکان زیاتر ئاشکرا دەبن، کە چەمکەکانی (مەی) پیشان دەدات و دۆخی عیشقەکەی خۆیمان بۆ دەردەخات، بەکارهێنانی دەستەواژەکانی ئەم هێمایانە بۆ گوزارشتکردنە لە بڵێسەی دەروون بەرامبەر مەعشووقەکەی. زۆر جار دەستەواژەی عیشق لە شوێنی خۆشەویستی بەکاردێت جیاوازی کردنیان ئاسان نابێ، بەو مانایەی لە تێکستی ئەدەبیدا مەبەست و قووڵی گوزارشتەکان ڕۆڵ دەبینن.

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەڕەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی (٦) – ژمارە (٤)، پاییزی ٢٠٢١
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

عیشق واتە (وابەستە بوونی دڵە پێی، بەشێوەیەکی توند) (ئینتەرنێت:5:00: 2021) عیشق بە قۆناغی زێدەڕەویکردن دانراوە، لەگەڵ ئەمەشدا عیشق پایە و قۆناغێکە لە خۆشەویستی بە ڕێژەی وابەستەبوون مەدلوولی گونجاوی بۆ دادەنێن.

لای سۆفیەکان عیشق واتای زۆری هەیە و(لە ڕوانگەی عاریف و سۆفیەکان، پەنهانی و نهێنی خیلقەت لە وشەی عیشق دا کورت بۆتەوە) (ڕەوەندی: 20٠4: 96) سۆفیەکان باس لە ویستی خودا دەکەن، کە خۆی پیشانی مەخلوقات بدات بە گەوهەرێکی شاراوە نەمێنێتەوە.

(بنەڕەتی خۆشەویستی ڕاستەقینە وازهێنانە لە سوودی کەسی، هەر کاتێک مرۆڤ لە شتی مادی دوور بکەوێتەوە، هەنگاوێک لە خۆشەویستی ڕوحی نزیک دەبێتەوە لەسەر بونیادی وێنای ڕەهای تەواو، ئەویش خۆشەویستی بۆ زاتی خودا)(فتاتین:2018: 50) ئەمەش بۆ پاداشت و ترسان نییە، بەقەد ئەوەی خۆشەویستی تاک لایەنییە چاوەڕێی وەڵام نییە، بەڵکو تامەزرۆیی ومەیلی بۆی هەیە.

(هیچ کەسێک نابێتە خاوەن دڵێکی میهرەبان و ئاکارێکی جوان و هزرێکی ڕوون و ڕوحێکی خاوێن، ئەگەر سوودی لە خۆشەویستی وەرنەگرتبێ لە ژیانی دا) (حسینی: 2021: 159) . کەواتە ڕق و کینە دژی خۆشەویستی و عیشقن، مرۆڤی پاک و بێگەرد لە ڕوح و ڕەفتار شایانی ئەم پایەن.

بوونی خۆشەویستی و سۆز لەناو سۆفیگەری ئیسلامی دا ڕەگ و ڕیشەی قورئانی و ڕێنماییە ئایینیەکان دا هەیە، لە قورئانی پیرۆزدا بوونی خۆشەویستی ڕاستگۆیی گرنگتین ئاماژە و پێوەرەکانی باوەڕن (والذین آمنوا أشد حبا لله)(البقرة/165) هەر بۆیە سۆفیەکان خۆشەویستیان کردۆتە ناوەندی ڕەفتارەکانیان بۆ تێگەیشتن لە ڕاستی.(بڵندترین ئاستی خۆشەویستی لە جەوهەری ڕاستیدا جێ بەجێ دەبێ) (حسینی: 2021: 159) عیشق لە جەوهەری ڕاستی دا بەستراوەتەوە بە خۆشویستنی هەموو گەردوون، هەرچی خۆشەویستی مرۆڤەکانە ڕاستگۆییەکەی دەگەڕێتەوە بۆ جەوهەری مرۆڤەکان.

عیشق دوو جۆری هەیە: یەکێکیان: حەقیقیە و ئەوەی دیکە: مەجازییە، هەردووکیان جۆرێکن لە پابەندبوونیان بە خۆشویستنی مەعشوق و باجدان لە پێناویدا.

1- (عیشقی خودایی: خۆشویستنی خودا و سیفەت و کردەوەکانیەتی، لەبەر ئەوەی جەوهەری بوونە تەواوکەری هەموو تەواوکراوەکانە.

2- عیشقی مەجازی دەبێتە دوو جۆر:

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەڕەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی (٦) – ژمارە (٤)، پاییزی ٢٠٢١
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

آ- عیشقی ڕۆحی: خۆشەویستیەکی بێگەردە، خاڵییە لە ئارەزوو و قازانج.

ب- عیشقی جنسی: حەزو ئارەزوویەکی سێکسییە و مەبەستێکی چێژوەرگرتنە) (حسینی: 2021: 160).

لە خۆشەویستی رۆحی بەرامبەر مرۆڤەکاندا، مرۆڤ لە خودپەرستی و بەربەستەکان دەردەچێت، لەم جۆرەیاندا رۆح نەرم و لەسەرخۆ، هەڵگری خەم و گریان و ماندوبوون دەکات. عاشق وێنای خۆشەویستەکەی دەکێشێت و بڵندی دەکات و بێ کێماسی دەکات، ئەم جۆرە هەمان عێشقە، بەڵام جۆرەکەی جیایە ئەگینا هەمان هەوڵدانە بۆ کامڵبوون و بەرزکردنەوەی مەعشووق. ئەم جۆرە وا لە عاشق دەکات ڕاڕا نەبێت لە خۆشەویستەکەی کە وازی لێبهێنێت، لەبەر ئەوەی هەمیشە لەگەڵیەتی و لەبەر چاویەتی، چونکە ئەم جۆرە خۆشەویستیە ڕووحیە جیایە لە خۆشەویستی مادی و جەستەیی.

(خۆشەویستی کردن لە مەیلی سرووشتیەوە بۆ چێژ، دووپاتکردنەوەی ئەو مەیلە بە شێوەیەکی بەهێزتر پێی دەڵێن عیشق)(سلیطن: 2010: 82) لێرەدا خۆشەویستی بە گشتی پەیوەندی بە زانینەوە هەیە، لە ئەنجامی زانینەوە چێژ درووست دەبێت. بۆیە هەموو چێژێک خۆشەویستە لای چێژوەرگر، هەوڵدانی عاشق بۆ ئەوەی کامڵ بێت پێویستە جوولە بکات بۆ ئەو ئاراستەو ڕێگایانەی کە کامڵبوونی دەست دەکەوێت. هەر بۆیە عیشقی خودایی مەیلێکە بە ئاراستەی سەرەوە دەچێت، ئەم جولە و ئارەزووەش بۆ پڕکردنەوەی کێماسی بوونە لە خودی مرۆڤ.

(ئیمامی غەزالی) (سێ) جۆر خۆشەویستی نمایش دەکات، کە بەدوای یەک دادێن، ئەویش: ( لە خۆشەویستی بۆ چاکەکاری سەردەکەوێت و پاشان بۆ جوانی پاشان بۆ خۆشەویستی خەفەکراو؛ کاتێک دەبەسترێ کە یادێکی خەفەکراو ئامادەبێ، ئەگەر ئەم ئەتوارە لە مرۆڤێکدا بە دیهات بە تەواوی ئەو کاتە خۆشەویستی لەبەرزترین پلە دایە) (سلیطن: 2010: 82). لێرەدا خۆشەویستی لای (ئیمامی غەزالی) جیاوازی هەیە لە خۆشەویستی مرۆڤ بۆ خودا و بە پێچەوانەشەوە، چونکە خۆشەویستی مرۆڤ بۆ خودا تێگەیشتن و ناسینی ڕێژەییە، بەڵام خۆشویستنی خودا بۆ بەندەکانی رەهایە و بەراورد ناکرێت. (ئیبن عەرەبی) خۆشەویستی دەگەڕێنێتەوە بۆ زاتی خودا (یەکەم: خۆشەویستی خودا بۆ جیهان و هەبووەکان، کە ئەمەش سیفەتێکی ئەزەلییە. دووەم: خۆشەویستی سۆفی بۆ خودا، ئەمەش سیفەتی مرۆڤایەتییە مەبەستەکەی پەیوەندی بە خوداوە هەیە) ( مرسلي: 2013: 294) (ئیبن

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی (٦) – ژمارە (٤)، پاییزی ٢٠٢١
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

عەرەبی) خۆشەویستی کردنی سۆفییەکان بۆ خودا دەگەڕێنێتەوە بۆ تێرکردنی ئارەزوو، هەر بۆیە دواندن لە سەر جوانی ئافرەت هێمایەکە بۆ دواندن لە سەر جوانی خودایی.

هەموو ئەمانە ڕای تایبەتن و لەسەر عیشق، هەمیشە پێناسەیەکی گشتگیر دەستناکەوێت بۆ ئەوەی لە ڕێگای ئەم گۆشەنیگایەوە شەن و کەوی تێکستە شیعری و وتەکان بکەین، بۆ ئەوەی بزانین لە کامە قۆناغ و جۆر و مەقامی عیشق دایە، هەر عاریف و زانایەک لە ڕوانگەیەکەوە سەیری عیشق دەکات زۆربەیان ئیجتیهادی خۆیانە و ڕاستیشن.

عیشق و خۆشەویستی خودایی دەبنە پاڵنەرێک بۆ ئەنجامدان و بە دیارکەوتنی چەندین ڕەفتار لەلای سۆفیەکان دیاریترینیان ئەمانەن:

1- (لە پێناو خۆشەویستی خودا، تام و چێژی دونیا خۆی بەدوور دەگرێ.
2- لە پێناو خودا، خۆی زەلیل دەکات و بە هیچ شێوەیەک بە زانست و ڕێزلێنانەکەی غرور نابێت.
3- لە پێناو خودا، هەموو دروستکراوەکانی خۆش دەوێت.
4- لە پێناو خودا، زۆرترین پاڵپشتی لە خوداوە وەردەگرێت، دڵی تەنیا بۆ زاتی خودا خەریکە)(ناصر: 2006: 37-38)

عیشق لە سەرچاوەی دڵ پەیدا دەبێت، سۆز و عاتیفەشی هەر بۆ دڵ دەگەڕێتەوە، سەودای لەگەڵ مێشک نیە، چونکە چارەسەری عیشق و دەردێکە گەیشتن بە ئارامی دەروون و ڕاستیەکان بە مێشک ناکرێت.(سۆفیەکان وایدەبینن کە عەقڵ دەرەقەتی جوانی نایێت، بەڵکو دەبیت خۆمان لەسەرووی عەقڵ دابنێین لە کاتی ڕاکێشان lextasei، کە ڕاستی ناعەقڵی سەرووی هەستپێکراوەکان ئاشکرا دەکات)(لالۆ: 2010: 18) ئێستاتیکا لەبارەی هونەر دایە نەک لەبارەی عەقڵ و یاسا دا، چونکە ئەگەر ئەم بارە بگوازرێتەوە بۆ سەر زانست ئەوا تێکەڵیەک دروست دەبێت لە هونەر و زانست ئەمەش ڕاست دەرناچێت، هەر بۆیە ئیستاتیکای جوانی لەبارەی هونەر و ڕوانگەی تاکە کەس دایە نەک زانست.(هەستکردن بە مێشک زانستە، هەستکردن بە دڵ زانین و چێژە، خاوەنی هەستی یەکەم زانایە، خاوەنی جۆری دووەم عاریفە)(ناصر: 2006: 40) عیشق عەوداڵی زانست نیە بەقەد ئەوەی عەوداڵی تاقیکردنەوەی ڕێگای گەیشتنە بە مەعشوقەکەی و دۆزینەوە و ناسینی جوانییە.

سۆفی خۆی لە دونیا بێبەری دەکا نە پایە و نە سامانی دونیای لا گرنگە، هەر شتێک ببێتە هۆی سەرقاڵی کردن بە دونیا ئەوا فەرامۆشی دەکا، تەنیا مەبەستێکی سەرەکی لای شاعیری سۆفی دەمێنێتەوە

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی (٦) – ژمارە (٤)، پاییزی ٢٠٢١
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

ئەویش، ئەو ڕوناکییەیە کە لە لای مەعشوقەکەیەوە بەرەو ڕووی دێت، هەموو هێز و دڵ و دەروونی بەو ئاراستەیە دەبات، عاشق بە دیتنی ڕووناکی لە لەلای مەعشوقەوە ئەوا لە دڵەوە ئەوپەڕی دڵخۆشییە، لەبەر ئەوەی هەست دەکات لە خلوە دایە لەگەڵ مەعشوقەکەی. لێرەدا شاعیرانی سۆفیگەر هێزی ڕووح و هێزی دەروون و هێزی دڵ یەک دەگرن دەبنە سەرچاوەیەک بۆ دەرخستنی تواناکان، بێگومان ئەم هێز و توانایە دەبنە هۆی داهێنانی شیعر. ئەم شیعرانەی شاعیر لە هەستێکی قوڵ دەریان ببرێ مەعشوقێکی هەبێت دوور لە ڕیابازی بێ بەرژەوەندی بێگومان دێری بە پێز و ئیستاتیکای یەجگار گەورەی لێوە دروست دەبێت.

جوانی یەکێکە لەو موگناتیسەی دڵ ڕادەکێشیت بۆ لای خۆی، بۆیە جوانی لەگەڵ ئیحساسی مرۆڤ دایە، چونکە بانگی هەستەکان دەکات و هەستی پێ دەکەین، ئەو شتانەی پەسندن لای ئێمە بەهایەکی جوانی دروست دەکات، چونکە ویستمانە. بۆیە مرۆڤەکان جیاوازن لە هەستەکانیان بەرامبەر کامڵ بوون و جوانی و ئاکارەکانی دەورووبەرمان (G.Santayana) جیاوازی دەکات لە نێوانی حوکمی ڕەوشتی و حوکمی جوانی ( بەهای ڕەوشتی بەهایەکی نەرێنیە بەو مانایەی دەبێت هەست پێبکەین خراپە تا وازی لێبهێنین، بەڵام حوکمی جوانی لەسەر زانیاری ڕاستەوخۆ و ئەرێنی بوونی لەسەر بابەتەکە هەبێت، پێویست ناکات هەست بکەین قەڵسە تا وازی لێبهێنین)( مطر: 2013: 19).

## مەی: ماناو چەمک

خواردنەوەی مەی ڕەفتارێکی خەفەتبارییە، ڕاکێشان بۆ ئەنجامدانی ئەم کردەوەیە بۆ بەرەنگاربوونەوەی هەستی ڕاڕایی و پێشبینی نەکراوەکانە، مرۆڤ کاتێک ناتوانێت کەشێکی لەباری هەبێت لەگەڵ ژینگەی دەوروبەری، ئەمەش هۆکار زۆرن وەک کەسی، کۆمەڵایەتی...هتد وەک پێویستیەکی بەدەنی سەیر دەکات بۆ ئەوەی زاڵبێت بەسەر هەستە ئازار بەخشەکانی.(کاتێک مەیخۆر پەنا بۆ خواردنەوەی مەی دەبات بۆ ئەوەیە هاوسەنگی دەروونی بەدەست بهێنێ، لەگەڵ ئەو واقیعەی هەست پێدەکات کە گۆشەگیرکراوە)(الشقرفي: 2020: 778) کاتێک ژینگەی کۆمەڵایەتی ویست و بەرژەوەندی شاعیر قەتیس دەکات، ئارەزوو زیاتر دەبێت بۆ نۆشکردنی مەی و پیاهەڵدان بە مەی خواردنەوە بە مەبەستی زاڵبوون بەسەر بارە ناهەموار و سەپێندراوەکاندا ( ئەم خواردنەوەیە خۆی لە خۆیدا فێڵێکی کۆمەڵایەتییە ڕەفتارێکی بە ئاگایی نیە، دەردەخات ئەوە ویستی مرۆڤە، کە زاڵ بێت

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی (٦) – ژمارە (٤)، پاییزی ٢٠٢١
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

بەسەر دەوروبەرەکەی) (الشقرفي: 2020: 779) لەلای شاعیرانی پێش هاتنی ئیسلام لای عەرەبەکان (لە کۆندا وا پیشان دەدرا خاڵی بەهێزی کەسایەتی و ژینگەیی بوو لەم ڕێگایەوە گوزارشت لە دەروون و ژیان دەکرا)(رزق احمد: 2020: 8332). لای شاعیرانی کۆن باو بوو بەتایبەت لای شاعیرانی سۆفی ئەو کەرستانەیان بەکاردەهێنا بۆ دەربڕینی ناخیان، زۆربەیان لە یەک دەچن، مەگەر لێکچوویەکی تایبەت شاعیر جیا بکاتەوە لەوانەی پێشتر، ئەگینا ئەو مەیەی باسی دەکەن، ئەو بەدهۆشیەی دەریدەخەن، دەنگی پیاڵە، ئاواز، ساقی، خواردنەوە...هتد. ڕەنگە ڕاست نەبن، تەنیا چەمکن داهێنانیان تێداکردووە یان زاراوەیەکن بەکاری دەهێنن، هەموو ئەمانەش بۆ گوزارشتکردنە لە باری خۆشەویستی و گەیشتن و نزیکبوونەوەیانە لە یار.

بەکارهێنانی مەی لای شاعیران و سۆفیەکان هەستی نیە تاوەکو هەستەوەرەکان ئاڵۆز و تێکبدات، بەڵکو هێمایەکە بۆ ئەوەی بەربەستەکانی هەستەوەری تێک بشکێنێ، ئەمەش بەستراوەتەوە بە کاریگەری دەروونی و ڕۆحی.

مەی لای سۆفی مەعنەوییە بۆ رۆح دەگەڕێتەوە، دەیەوێت لەگەڵ مەعشووقەکەی یەک بگرن. مەی بۆ گوزارشتکردنی دابڕان و دووری رۆحی دێت، گوزارشت لە کۆچکردنی دەروون دەکات بۆ لای جوانیەکانی یار. شاعیرانی کلاسیک لە شیعرەکانیاندا ڕۆژیان بۆ خۆشەویستی خودایی بەکارهێناوە، بادەشیان بۆ پایە بەرزی و تیشکەکانیش بۆ (لوتف)، خۆشەویستی خوداییان لەگەڵ خۆشەویستی شتی تری وەک سروشت و مرۆڤ...هتد تێکەڵ کردووە، ئەمەشیان بۆ ئەوە کردووە تاوەکو ئەوە دەربخەن جوانی و بوونی خودا لە هەموو ئەو شت و بوونەوەرانە دایە، کە مرۆڤ سەودایان لەگەڵ دەکات.(شاعیرانی کلاسیک لە وەسفی جوانی خۆشەویستانیان دا جۆرێک لە گەورەکردن و بە پیرۆزی دادەنێن، وەک جوانی پیشاندانی بە ڕۆژ و درەوشانەوەی نوری ڕۆژ و بەرکەوتنی ئەو نوورانە لە کاتی ڕووو وەرگێڕانی یار دا)(صادقی&ویسی: 2012: 157) بۆیە خۆشەویستیش لە مانا دەلالیەکەی تووشی ڕاڕایی دەبێت، کە مەی ئەوەندە سەودای لەگەڵ روح هەیە بۆ هێندە بە دروستکراوێکی خراپ دەدەنرێت. بۆیە سۆفیەکان باوەڕیان وایە، کە پێویستە زانستی خودایی لە سینگیان حەشار بدرێت و ئازارو خەمەکانیشیان بشارنەوە، چونکە مەی لای سۆفیەکان نە تام دەکرێ نە خۆشی لێدەبینرێت، تەنیا ئاماژەیەکە بۆ گەیشتن و یەکبوون لەگەڵ خودا دا.(وەسف کردنی مەی لە شیعری سۆفیانە دا مانایەکی عیرفانی شاراوەی خەفەکراوی هەیە، بەستراوەتەوە بە خۆشەویستی خودایی، جیا لەو مانایە ئەوا

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی (٦) – ژمارە (٤)، پاییزی ٢٠٢١
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

مانای بێهۆشکەری دەدات)(ادريس: 2019: 106) ئەمە وەکو وێرد و زیکرانەیە، کە سۆفیەکان لە بەستنی بازنەی زیکر کە لە زمانیان دەردەچێت، هەروەها وەکو جولەی بێویست، کە ئەنجامی دەدات ناڕوونە، بەهەمان شێوە بەکارهێنانی مەی لە ئەنجامی باری خەفەکراوی دەروون لە خۆشی و ناخۆشی دا بەدەردەکەوێت لای شاعیرانی سۆفیگەر( خواردنەوە لە هەموو قۆناغەکانی سۆفیەتی دا هەیە، بەو مانایەی لە ڕێگای خواردنەوە ببی بە پیاوێکی کامڵ، چەسپاندن لە قۆناغی خۆت بکەی)(الشرقاوي: 1992: 179) ئەم قۆناغانەی سۆفی تیایدا گوزەشت دەکات، بۆ ئەوەیە پیاوێکی تەواوی لێدەرچێت لەرووی ئاینی و بگات بە پایەکی بەرز بۆ نزیکبوونەوە لە زاتی خودا.

## هێما (چەمک و پێناسە):

شاعیر و نووسەران هەوڵ دەدەن هێما بەکاربهێنن لە جیاتی نووسینی ئاسایی بۆ ئەوەی بچنە ناو دەروونی خوێنەرەوە، بەکارهێنانی هێما وێنەیەک دروست دەکات کە مانا و دارشتنی ڕستە شێوازێکی تایبەت دەداتە هێمابۆکراو، کە ڕێگا خۆش بکات هزر و وێناکانی بە ڕێگەی ناڕاستەوخۆ گوزارشت بکات.(هێما گوزارشتێکی ناڕاستەوخۆیە لە دۆخەکانی دەروونی، کە بە زمانی ئاسایی ناخرێتە ڕوو)(عباس: 2021: 39).

هێما یەکێکە لەو ئامرازانەی، کە بە ڕێژەیەکی زۆر بەکاردەهێنرێت لە شیعری کۆن و نوێدا، لەهەموو جۆرە شیعریەکانی سیاسی و ئاینی و کۆمەڵایەتی. هێما هێزێکی نموونویی هەیە لە بە ئامانج گرتنی ویستی شاعیر. وشەیەکی دیاریکراومان نیە کە بڵێین ئەمانە وشەی هێمان، لەبەر ئەوەی شاعیر پەیوەندی نێوان وشەی هێمادار مانای مەبەستدار دروست دەکات ( هێما هەوڵ دەدات واقیع دەرباز بکات بچێتە جیهانی هزر، ئینجا ئەم هزرە لە سۆزی شاعیر بێت یان جیهانی میسالی بە مانای ئەفلاتۆنی)( محمد: 2019: 2887). لێرەدا دەبێت ئەوە دەربخەین کە هێما جیاوازە لەگەڵ ئاماژە، هێما گوزارشت لە لە مانایەک دەکەن کە نەزانراوە یاخود داهێنانێکە دەگەڕێتەوە بۆ مانایەک و دەلالەتێک، هەرچی ئاماژەیە دوو شت پەیوەندیان بەیەکەوە هەیە خەڵک ڕێککەوتوون لەسەری وەک بوونی دووکەڵ نیشانەی بوونی ئاگرە، کەواتە هێما دووبارە واقیع پێکدەهێنێت و دەربازی دۆخە زانراوەکە دەبێت بۆ ئەوەی وێنەیەکی هونەری نوێ پێشکەش بکات.ئەم خشتەیەی خوارەوە جیاوازیەکان زیاتر دەخەینەوە ڕوو:

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەڕەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی (٦) – ژمارە (٤)، پاییزی ٢٠٢١
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

| ئاماژە | هێما |
|---|---|
| مەدلول- ئاشکرا | مەدلول- نادیار |
| ناسراو- یەکانگیر | هێمابۆکراو- یەکانگیر نابێت هەموو کات |
| دال= مەدلول | دال- ئیحایە |
| ناوەڕۆک- دەست نیشان کراوە | ناوەڕۆک- دەست نیشان نەکراوە |

هەندێک بەیت لە شیعری سۆفیگەری دا بەدیدەکرێت ئاماژەی ئاشکرای تێدایە ئینجا ناتوانرێت شیبکرێتەوە، بە هۆکاری ئەوەی گوزارشتەکان لە نێوان شاعیران دا لەیەک نزیکە بە تایبەتی بابەتی عیشقی خودایی، بۆ جیاکردنەوەی مەبەستەکان و تێکەڵ نەکردنیان لەگەڵ خۆشەویستی مرۆڤەکان کارێکی ئاسان نیە.(شیعری زاهیدی و لە خوا ترسی لە ڕووی مێژووییەوە پێشی شیعری غەزەلی بۆ ئافرەتان پەیدابووە، گوزارشت لە خۆشەویستی بۆ خودا کراوە لە ڕێگەی زمانی سۆزی مرۆڤایەتی، ئەمەش وا دەکات دەرفەت دروستبێت بۆ جیاوازی نێوان ڕێگای شیعری لە خواترسان و شیعری دونیایی)(نصر: 1978: 131) لە سەردەمی شیعری کلاسیکی کوردیدا ویستێک دروست بوو، کە گونجان دروست بێت لە شیعر دا، ئەمەش بە تێکەڵ کردنی بابەتەکانی عیشقی خودایی و دونیایی. بۆ جیاکردنەوەی هەردوو مەبەستەکە (دەستەواژەی (خۆشەویستی بۆ خۆشەویستە)ی لە سەر جێبەجێ دەبێت، بە مەرجێک ئەوەی خۆشەویستی دەکات مەبەستێکی حەشار نەدابێت بۆ مەعشوقەکەی) (نصر: 1978: 132) شاعیرانی کلاسیک بە تایبەتی شاعیرانی سۆفیگەر بەستنەوەیەکیان دروست کردووە لە نێوان شیعرێک کە بۆ خۆشەویستیەکی خاوێن نووسراوە پڕیەتی لە هەڵچوون و سکاڵا و سۆزو گەیشتن و وەسفی بێتاقەتی خۆی بەرامبەر بە یارەکەی.

بەکارهێنانی هێما لای شاعیرانی سۆفیگەر بۆ گوزارشت کردنە لە بارووDۆخی دەروونیان (لەبەر ئەوەی ئەو دۆخەی هەستی پێدەکەن ناتوانن بە زمانی ئاسایی هەواڵمان پێبدەن و وێنای دۆخەکەمان بۆ ئاشکرا بکەن بە بەڵگەی عەقڵی)( مرسلي: 2013: 293) گوزارشتەکان تەواون، بەڵام دەلالەتەکانیان ناڕوونن ئەمەش لە سۆفیەکەوە بۆ یەکێکی تر دەگۆڕێت بە پێی پایەو جۆری ئەو دۆخەی خودی سۆفیەکە لە ناویەتی.

گوزارشتکردنی هونەری جوانی سروشتی و ئافرەت بەهایەکی تایبەتی و چێژێکی هونەری بە تێکستی ئەدەبی دەبەخشێت، هەر بۆیە بابەتی زانستی جوانی ئەو شتە جوانانە نیە کە بە شیوەیەکی

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەڕەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی (٦) – ژمارە (٤)، پاییزی ٢٠٢١
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

ڕاستەوخۆ هەستی پێدەکرێت، بەڵکو ڕاڤەکردنی سروشتی جوانیە بە رامبەر بە سروشت (شارل لالۆ) دەڵێت (سروشت بەهای جوانی نیە، ئەگەر لە ڕێگای هونەرێک لە هونەرەکان سەیر نەکرێت، یان لە ڕێگای زمانی یان داهێنانی هزری یان شێوەکانی هونەری بخرێتە ڕوو)(لالۆ: 2010: 7) بەکارهێنانی هێمای (نور، ڕاکێشان، جوانی، دووری، مەیل،...هتد) لە بارەی ئافرەت دەگەڕێتەوە بۆ مانا دەلالیەکەی، زۆر جاریش بە ئاسانی دۆخی شاعیرەکە دەست نیشان ناکرێت بزانین لە دۆخی دونیایی بووە یان ئاسمانی. بەڵام بوونی ئاماژە ڕێگاکەمان بۆ نزیک دەکاتەوە بۆ ئەوەی بە ئاسانی مەبەستی شاعیر لە بەیتەکان بدۆزینەوە. هێما چەمکێکە لە زۆر لایەنەوە ئامادەگی هەیە لە هەر ڕوویەک بێت گرنگی تێڕامانی خۆی دەردەخات، کە شایانی تێفکرین بێت لێرەدا چەند جۆرێک ئاماژە پێدەکەین لەوانە: ( هێمای ئەدەبی، هێمای زانستی، هێمای سۆفی،هێمای زمانی، هێمای ئەفسانەیی، هێمای کە لتوری، هێمای سروشتی، هێمای ئاینی، هێمایی مێژوویی، هێمای تایبەت).

## بەشی دووەم

## مەعشوقەکەی (مەلا وەسمان)

(مەلا وەسمان)ی شاعیری سۆفی عاشق لە شیعرەکانیدا مەعشوقەی تەنیا خودا نییە، ئەگەرچی لە بینینەوە و دەستنیشانکردنی ڕاستی و دروستی ( مەعشوق)ەکەی لە نێو شیعرەکانیدا کەمێک سەختە و تێکەڵاوی هەیە، بەڵام ئەگەر وردتر و دروستتربین، دەتوانین بڵێین: (چوار مەعشوق)ی سەرەکی لە شیعرەکانیدا هەن، ئەوانیش لە تێکڕای وەسفکراو، یان قەرینەیەکی تایبەت، یاخود ئاماژەیەکی خێرا، جا ناو بێت، یاخود سیفەتی کەسەکە بێت، بە شێوە و شێوازی ڕاستەوخۆ، یان لێڵ، یاخود کەمێک ڕوون دەردەکەون. مەعشوقەکانی ئەمانەن:

1 . خودا.

2 . پێغەمبەری ئیسلام ( محمد ص).

3 . پێشەوای تەریقەت/ شیخ عوسمانی تەوێڵە ( شێخی تەریقەتی نەقشبەندی).

4 . یار ( یارێکی نادیارە و ئافرەتە، بەڵام ناوی نەهاتووە).

خودا:

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەڕەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی (٦) – ژمارە (٤)، پاییزی ٢٠٢١
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

لای شاعیر ئەم عشیقە، عیشقی ڕاستەقینەیە، هەمووی لەوەوە دەبینێت و خۆی دەنوێنێت، شاعیر نایەوێت، یان وا جوانترە نەیەوێت ڕاستەوخۆ بڵێ: ( عاشقی خودامە) و بە ڕستەیەک تەواوی عیشقە گەورەکەی دەربڕێت، بەڵکو دەیەوێت جوانتر ئەم ڕستەیە بڵێت و بە هونەری شیعری جوان تێمانبگەیەنێت، کە چۆن عاشقێکە، چۆن عیشقەکانیتری لە خزمەتی دان بۆ ئەو دەژین لە ناخیدا، چەند نموونەیەکی شیعری شاعیر لەمبارەیەوە لە خوارەوەدا دەخەینەڕوو:

دانەیی خاڵ ئازەری لەعلی حەیات بەخشی نواند
ئادەمی هاوێتە داوی عیشق و وادی ڕەببەنا* ( مەلاوەسمان: 1973: 215)

لە نیوە دێڕی یەکەمدا؛ مەبەستی لە ( دانەیی خاڵ ئازەری) حەزرەتی ( مەسیح)ە، کە لەقەبی عیسای کوڕی مەریەمە، چونکە ئەم پێغەمبەرە خاڵێکی بە لا لێوییەوە بووە، هەروەها مردووی زیندووکردۆتەوە بە ویستی خودا، لەقەبی ئازەری لەقەبی پێغەمبەر ئیبراهیمە، بەڵام لە ئینجیلدا باس لەوە کراوە، کە عیسا پێغەمبەر بە دایک دەچێتەوە سەر حەزرەتی ئیبراهیم، کەواتە ئاساییە لەقەبەکە وەربگرێت) ( مەلاوەسمان: 1973: 215-216).

لە نیوە دیڕی دووەم؛ باس لە عیشقی ئادەمی دەکات، جا دەشێ مەبەست لە باوکە ئادەم بێت، یاخود نەوەی ئادەم بێت، کە سەرجەم مرۆڤەکان دەگرێتەوە، بەمەش دەبێ بە (وادی) تێبپەڕێت، (وادی واتای زمانی ئەم وشەیە دۆڵ و شێو و دەرەیە، بەڵام ئەم وشەیە لای سۆفییەکان زاراوەیەکی سۆفیگەرییە و بە واتای ڕێگەی سەخت و قۆناغی پڕ لە مەترسی و خەتەرە) ( مەلاوەسمان: 1973: 216)، بەمەش ڕێگەیەکە ڕاستە و ئادەمی دەخاتە ئەم عیشقە و عیشقیش ڕێگەیەکی مەترسیدار و هەستیارە، چونکە عیشق ڕێگەیە بۆ ئەوەی بەرەو ڕێگەکانی تر بچێت، کە (منطق الطیر)ی ( شیخ عطار)دا حەوت ناوی هێناوە، بەم چەشنە: ( طلب، عیشق، معرفت، استغنا، توحید، حیرت، فقر و فنا) ( القیسي :1969: 343)، وەک دەردەکەوێت، عیشق دوای (طلب) دێت و هەنگاونانە بەرەو ڕێگە سەختەکە، کە گەڕانە بە دوای زانینی ڕاستی.

جەمال و حوسنی دولبەر بێ نیهایەت

---

*تێبینی: ڕێنووسی دەقەشیعرییەکان لە دیوانەکەدا بە شێوەی کۆن نووسراوە، بۆ ئاسانکاری خوێنەران کردوومانەتە سەر ڕێنووسی تازە.

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەڕەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی (٦) – ژمارە (٤)، پاییزی ٢٠٢١
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

بە نەقسی عیشقی من نابێ زەواڵی ( مەلاوەسمان: 1973: 31)

ئەگەرچی لەسەرەتا و دەستپیکی شیعرەکەدا وا هەست دەکرێت بۆ ئافرەت نووسرابێ، بەڵام لە تێکڕا و لەم دێڕە و چەند دیرێکی دیکەدا بۆمان ڕووندەبێتەوە، کە مەبەست لە دولبەر خودایە، دولبەر یارە و دڵی عاشقی بردووە، جوانی و جەمالی یار (خودا) بێ نیهایەتە و کۆتایی نایەت، چونکە خودا سیفەتی جێگیر و جوانە، جوان دەمێنێتەوە، کەچی یاری دونیایی لەگەڵ پیربووندا جوانی نامێنێت و لەدەست دەچێت، هەروەها لە نیوەبەیتی دووەمدا باس لە نەقسی عیشق دەکات، دەڵێت: ئەگەرچی من نەقسی عیشقم هەیە، بەڵام جوانی دولبەر تەواو نابێ، یاخود دەڵێت: من هەرچەندە عیشقم بۆ یار هەبێ، عیشقەکەم نەقسە و ناتەواوە، چونکە ناتوانم تەواو جوانی و باشییەکەی دەربخەم، بەمن تەواو نابێ و کۆتایی نایەت .

غیرەتی عیشقە بە تۆی کرد ئاشنا
دڵ کە بیزارە لە ئەحباب و نەدیم ( مەلاوەسمان: 1973: 181)

دڵی عاشق دڵێکی بێزار و بێ ئارامە، هەمیشە حەزدەکات لەگەڵ یاربێت، بۆیە لای ئاساییە شەرمەزاری نزیک و خۆشەویستانی بێت، چونکە عیشق غیرەتی ئەوەی داوەتێ و ئاشنای کردووە بەیار، نایەوێ بەبێ مەعشوقەکەی بژیت و دوورکەوێتەوە لیی، بە واتایەکی تر: عیشق غیرەتی پێداوە، غیرەتەکە هی عیشقە، کەوا بیردەکاتەوە و ترسی لە قسەی خەڵک نەبێت.

هەزاری وەک ڕەقیب دێت و دەبووڕێ
وەلێ فایق بە عیشقت هەر دەمێنێ ( مەلاوەسمان: 1973: 179)

لێرەدا ڕوو لە مەعشوقەکەی دەکات و دەڵێت: ڕەقیب لای من هیچە و ئەگەر لە ڕووی ژمارەشەوە زۆربن ( هەزاربن)، ئەوە وەک کاروانسەران و دێن و دەڕۆن، چونکە ناتوانن کار لە عیشقم بۆ تۆ بکەن، عیشقی تۆ لە نێو دڵم جێگیرە و ناگۆڕێت.

شوکر زاهید کە پیشەی لۆمەی عیشقە
بە دامی گێسوویی مەحبووبە تاسا ( مەلاوەسمان: 1973: 26)

شوکرانە دەکا- بە واتای شوکرانەی سۆفیانە- کە زاهید کەوتۆتە بەر شاڵاوی خەڵکی لە لۆمەی عیشقدا، بەڵام عیشقەکەی بۆ خودا نییە، لە داوێنی گێسووی یاری دونیایەکەی خنکاوە، بەمەش شاعیر دەیەوێت بڵێت: جیاوازی منی سۆفی عاشق و زاهیدی ڕیاباز لە عیشقدا جیابکاتەوە.

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی (٦) – ژمارە (٤)، پاییزی ٢٠٢١
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

جەمالتماڵی عوششاقی بە قورگرت

خەیاڵت خەڵقی خستە کێو و سەحرا ( مەلاوەسمان: 1973: 203)

جوانی یار ماڵی عاشقانی بەقورگرتووە و لە خەیاڵی ئەو جوانییەتدا هەمووان مەجنون ئاسا وێڵ و سەرگەردانکردووە، لێرەدا نەک تەنیا خۆی، بەڵکو هەموو عاشقە سۆفییەکانی والێکردووە، کە لەبەر جوانی یار کەوتوونەتە کێو و بیابان، جوانی وایکردووە شاعیر عاشقی یار بێ، هەموو شتێکی وێران کردووە بەسەرسەری عاشقاندا.

دڵی فایق کوڕانە خەزانەی سرڕی پەنهانە

ئەسیری زوڵفی جانانە بووە مەئوای عیشقی تۆ ( مەلاوەسمان: 1973: 93)

دڵی شاعیر وەک کوڕێکی مەردانە پارێزگاری لە نهێنی شاراوەی یاردەکات، بۆیە یارانی خۆش دەوێ و وابەستەی جوانانە، چونکە بە یار عاشق بووە، لێرەدا ڕاستەوخۆ ئاماژە بە توانەوەی عیشقەکەی دەکات لە نێو مەعشووقە گەورەکەیدا.

پێغەمبەری ئیسلام(محمد د.خ):

پێغەمبەری ئیسلام؛ لای موسڵمانان پیرۆز و خۆشەویستە، لە نێو کورداندا _ بەتایبەتی خەڵکی هەولێر- بەخۆشەویست ناوی دەبەن، ڕەنگە بۆ ئەم فەرمودەیە بگەڕێتەوە، کە دەفەرموویێت: (لا يُؤْمِنُ أحدُكم حتى أكونَ أحبَّ إليه من ولدِهِ ، ووالدِهِ ، والناسِ أجمعينَ) (الفوزان: 2018: 53) واتە: ئیمانتان تەواو نابێت، تا منتان لە دایک وباوک و منداڵ و هەموو خەڵکی خۆشتر نەوێت، جا مەبەستەکەی ئێمە لەبارەی عیشقە- عیشقی شاعیر بۆ پێغەمبەر-، مەلاوەسمان یەک شیعری بۆ ستایشی پێغەمبەر نووسیوە، لە شیعرەکەیدا تەواوی بوونەوەرانی بە عاشقی پێغەمبەر و گەورەیی پێغەمبەر لەسەر گشت پێغەمبەران ... باسکردووە، بەڵام شاعیر تێدا بەشێوەی ڕاستەوخۆ ناڵێت من عاشقی ( محمد د.خ)م، بەڵام ئێمە لامان وایە: بە ناڕاستەوخۆ دەڵێت منیش عاشقی پێغەمبەر ( محمد د.خ)م، لە خوارەوە دوو دێڕ دەکەینە نموونە بۆ بەڵگەی قسەکانمان :

شەمعی بەزمی جەبەڕووتی بە تۆ عاشق مەلەکووت

غەرقی لاهووتی بەقایی دڵی ناسووت نوما ( مەلاوەسمان: 1973: 209)

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەڕەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی (٦) – ژمارە (٤)، پاییزی ٢٠٢١
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

واتە: ئەی پێغەمبەر (محمدد.خ) تۆ شەمعی بەزمی جەبەڕووتی و گشت فریشتەکان عاشقی تۆن، تۆ لە قووڵایی جیهانی ڕوحی دایی، لە دیواری دڵی یادکەرەوانت خۆت دەردەخەیت و دەردەکەویت. بەو واتایی هەموومان عاشقی تۆین و یادگەی ئێمەی.

شیفتەی تۆن مەلەک و جوملەی نەبی و مورسەل
خاکی پاتن عورەفا و عولەمە و سولەحا ( مەلاوەسمان: 1973: 210)

فریشتە و هەموو پێغەمبەر و نێردراوانی خوای گەورە گیرۆدە و عاشقی تۆن، هەروەها عاریفان و زانایان و چاکەکاران خاکی بەرپێی تۆن، واتە: هەموویان لە خزمەتی تۆ دان و عاشقی تۆن، چونکە شیفتە (( وشەکە لە چاوگی شیفتەن = شیفتن فارسییەوە هاتووە، واتە عاشق بوون، گیرۆدەی دڵداری بوون، سەرلێشێوان دێ)) (عارف، ٢٠٠٧، ٦١١).

شێخی تەریقەت:

شێخی تەریقەت لای سۆفی پلە و پایەی بەرزی هەیە، سۆفیان عاشقی دەبن و ڕێگە نیشاندەری سۆفییە، جاری وا هەیە لەبەر شێخ سۆفی گوناهـ ناکات، وتەیەک هەیە لای سۆفییەکان دەڵێن: (ئەوەی ڕابەر (شێخ)ی نەبێت، شەیتان ڕابەریەتی)، شێخەکەی مەلاوەسمان ناوی ( شێخ عوسمانی تەوێڵە – سراج الدين)بووە، لە چەندین شوێن لە شیعرەکانیدا ناوی هێناوە، یاخود ئاماژەی بۆکردووە، لەهەندێک شوێن بە هونەری ڕەوانبێژی ( پۆشین) ناو و نازناوی دەرخستووە، جا کارەکە ئێمە لەبارەی عیشقە و شاعیر عیشقی بۆ ڕابەرەکەی هەبووە، بەڵام ئەم عیشقەی شاعیر بۆ ڕابەرەکەی لە نێوان عیشقە خوایەکەدا تواوەتەوە، عیشقی ڕابەرەکەی بە عیشقە گەورەکەی – خوداکەی- ناساندووە، زیاتر وەک مەیگێڕ و ڕوناککەرەوەی ڕێگەی سۆفی عیشقی بۆی دەرکەوتووە، لەخوارەوەدا هەندێک نموونە دەخەینە بەرچاو.

(سراج الدين) ە فایق ڕوویی دولبەر
مەهی ئەوجە لە بورجی ناز و غونجە ( مەلاوەسمان: 1973: 123)

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی (٦) – ژمارە (٤)، پاییزی ٢٠٢١
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

لێرەدا شاعیر نازناوی شێخەکەی بە هونەری پۆشین[3] هێناوە- سراج الدین بە واتای ڕوناککەرەوەی ڕێگەی دین، هەروەها واتاکەی تریشی نازناوی شێخ عوسمانی تەوێڵەیە- و بە مانگی بەرز و بڵند و شایستەی نازەوە ناوی بردووە، کە دڵی سۆفی بۆلای خۆی کێشکردووە و عیشقی خۆی کردووە.

ساعیدی ساقی لە مەجلیس دا بە جام تەدویر دەکا

قورِ بەسەر زاهید لە خێر و شەڕی خۆی تەدبیر دەکا     ( مەلاوەسمان: 1973: 133)

لێرەدا (مەعشوق)ی وەک ساقییەک دەرکەوتووە و بە دەستەکانی بازنەی مەجلیسی بۆ دەکات و بە جام مەی پێدەدات، لە نیوەبەیتی دووەمیشدا توانج و پلار لە زاهیدی ڕیاباز دەگرێت.

عاشق بە خەیاڵی خۆی کام دوو جیهانی تۆی

پەیوەستە دەڵێ پێم، لێم لادە، بەرۆکم بەردە   ( مەلاوەسمان: 1973: 147)

خەیاڵی عاشقانەی شاعیری سۆفی پێی وایە: شێخ لە هەردوو جیهاندا یارمەتی دەدا، بەڵام شێخ دەڵێت: هەڵەی، چونکە مە ڕێگەنیشاندەرم تا تۆ بگەیەنمە عیشقە ڕاستەقینەکە، کە خودایە.

خەستەخانەی عیشقە ڕاستە مەیکەدە دەردیش دەدا

گەر حەکیم باشی نەبێ، دەردیش دەوای تەغیر دەکا    ( مەلاوەسمان: 1973: 134)

دەڵێت: ڕاستە مەیخانە دەردی زۆرە، بەڵام نەخۆشخانەی عاشقانە، بۆ ئەوەی دەرد و نەخۆشی نەبێ و نەمێنێ، پێویستی بە دکتۆر ( ڕابەر)ە، تا ڕێگری بکات لە تەشەنەکردنی نەخۆشی، یان دروستبوونی نەخۆشی. لەمەوە بۆمان ڕووندەبێتەوە، کە ئەوە شێخە چارەسەری دەردەکانی سۆفیان دەکات و ڕێگەی چارەسەرکردنیان دەدۆزێتەوە، هەربۆیە سۆفی عیشقی بۆی دەبێت.

یار:

مەبەست لەم یارە، یاری دونیاییە و لە ناو بەشێک لە شیعرەکانیدا هەستی پێدەکرێت، ( لە کۆی ٤٤ غەزەل هەژدەیان تام و بۆی دڵداری سەرزەمینیان لێدێت) (شوان، ٢٠١٢: ٣١٥)، بەڵام ئەم یارە وەک ناو ناوی نەهێناوە، کەچی وەک نازناو هەروەک (نالی) حەبیبە و مەحبوبەی بۆ بەکارهێناوە، تەنانەت لە

---

[3] پۆشین ئەوەیە شاعیر یان نووسەر وشەیەک بێنێت، ئەو وشەیە دوو واتا بگەیەنێت، یەکێ دوور و یەکێ نزیک، جا مەرجە لە پۆشین شاعیر یان نووسەر مەبەستی بەم وشە جووت واتایە، واتا دوورەکە بێت. چەند جۆرێکی هەیە:١. پۆشینی ڕووت، ٢. پۆشینی پاڵاو، ٣. توانج پۆشی. (عەبدوڵڵا، ٢٠١٣، ١٢٣- ١٢٦)

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی (٦) – ژمارە (٤)، پاییزی ٢٠٢١
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

هەندێک دێڕدا حەبیبە و مەحبووبەی بۆ یاری ڕاستەقینە – خودا- ش بەکارهێناوە، سەرەڕای حەبیبە و مەحبوبە دڵدار و مەعشوق... بەکاربردووە، ئەمانە وایکردووە لەگەڵ عیشقەکانی تر وەک عیشقی (خودایی و پێغەمبەر و شێخی تەریقەت ) تێکەڵاو بن و هەر تەنیا وەک بوونێک هەستی پێ بکرێت، هەندێک نموونە لە خوارەوەدا دەخەینەڕوو:

سەنگین دڵە مەعشوقم عاشق کوژە و بێ پەروا
پەروانەی پەڕ سووتاوم ڕەنگم لە غەمی زەردە ( مەلاوەسمان: 1973: 148)

یار دڵی وەک بەرد ڕەقە و عاشق کوشتەیە و بێ وەفایە، کەچی شاعیری عاشق وەک پەروانە پەڕوباڵی سووتاوە و ڕەنگ زەردانەی عیشقی بەڕوویەوە دیارە.
چەند قەرینەیەک وا دەکات ئەم عیشقە سەرزەمینییەی شاعیرمان بۆ ڕوون ببێتەوە، لەوانە: دڵڕەقی یار، بێ وەفایی، عاشق کوشتن، سوڕانەوەی عاشق بە دەوری یاردا، کە هەست بە سەرزەمینیان دەکرێت.

گەر شاهی لەسەر تەختم، وەک بەندەیی بەدبەختم
مەعشووقەی دڵ سەختم، مەیلی نییە قەت ڕام بێ ( مەلاوەسمان: 1973: 17)

هەرچی بکەم یار بۆم دەستەمۆ ( کەوی، ڕام) نابێت، ئەگەرچی من شاهی سەرتەختم لە شیعر و وتەی جواندا ، بەڵام لە ئاستیدا وەک بەندە و هەژارێکی بەدبەخت وام، چونکە مەعشوقەکەم دڵە بەردەکەی نەرم نابێت.

فایق بە کتابی عیشق گومڕاهییە ئەندێشە
تەدبیر ئەمەتە ئەمجار یادی قەدی ڕەعنام بێ ( مەلاوەسمان: 1973: 26)

شاعیر ڕووی دەمی لە خۆی دەکات و دەڵێت: لە چۆنیەتی نووسینەوەی ئەندێشە و خەیاڵی عیشقی یاردا چارەسەر ئەوەیە یادی باڵای یار بکەیتەوە، چونکە یار هێزبەخشی عیشقە و بەرەو عیشقەکانی تر هەنگاوی ناوە. لێرەدا مەبەستی ناوقەدی ناسکی یارە، کە ئەمجارە دەیەوێ یادی بکاتەوە، بێگومان مەبەستی خۆشەویستییە مەجازییەکەیەتی لە عیشقەکەیدا.

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی (٦) – ژمارە (٤)، پاییزی ٢٠٢١
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

## عیشقەکەی مەلاوەسمان لە نێوان توانای بەهێزی و لاوازی دا

عیشق کارێکی سەختە و باسکردنی سەختترە، شاعیر هەستە عیشقەکانی بە شیعر دەربڕیوە، شیعر لەکات و ساتێکی دیاریکراودا دێت و بە بارودۆخەوە بەندە، بۆیە دەبینین دوو ئاراستەی توانایی لە شیعرەکانیدا هەیە، بەم چەشنەی خوارەوە دەیانخەینەڕوو:

توانای بەهێزی:

مەلا وەسمان خۆی بە بەهێز نیشاندەدات، ئەمەش پەیوەستە بە هەستی شاعیرەوە، کەوا هەستی کردووە لە بەزم و ڕەزمی عاشقانەدا جێگە و بوونی تایبەتی هەیە، لەیار و مەعشوقی زۆر نزیکە و وەک پاشا و سەردار و شێر و پڵنگ و ... لە پرۆسەی عیشقدا دەرکەوتووە، بۆ نموونە:

فایق ئەمڕۆ شاهی تەختی عیشقە سوڵتانی هەیە

ساحیبی تاج و نگینە خۆی لەمن مەستوور دەکا ( مەلاوەسمان: 1973: 46)

فایق ( مەلا وەسمان) ئەمڕۆ وەک خۆی بە پاشای تەختی عاشقان دەزانێ و خاوەنی هەموو شت و دەسەڵاتێکە.

ئەگەر لە وشەی ( ئەمڕۆ ) وردبینەوە، مەبەست لە ئێستایە، توانای بەهێزی لە عیشقەکەی دەگەیەنێت.

لە مولکی عیشق دا فایق شەهی بەزمی ئەمیرانە

بە دەروێشی ئەسیری زوڵفی تۆیە خۆت بی و دینت ( مەلاوەسمان: 1973: 8)

لە بارەی عیشق لە مەیدان و خاکی عیشقدا خۆی بە شای بەزمی ئەمیران دەزانێت، خۆی بە دەروێشی ڕێگەی مەعشوقەکەی لە قەلەم دەدات.

لە عەرسەی عیشقدا چاپوک سوارم

( ترانی بین أقرانی کضیغم) ( مەلاوەسمان: 1973: 48)

دەڵێت: کە لە نێو نزیکاندا وەکو شێر دەمبینی، هی ئەوەیە لە مەیدانی عیشقدا چاپوک سوارم و سوارچاکم.

### هەستکردن بە لاوازی

لە هەندێک شوێنیتردا بە پێچەوانەی بەهێزی خۆی زۆر پێ لاواز و بێ دەسەڵاتە، وەک گیرۆدەیەک دەردەکەوێت، زۆر بێزارە و لە تەنگەژەیەکی سەختی عیشق دا خۆی نیشاندەدات، بۆ نموونە:

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی (٦) – ژمارە (٤)، پاییزی ٢٠٢١
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

لەبورجی عیشقدا من زەڕڕە سانم
غەڵەت چووم هەر خەیاڵە نایلی من ( مەلاوەسمان: 1973: 88)
لە بابەتی عیشقدا باسی لاوازی و بێ دەسەڵاتی خۆی دەکات، خۆی وەک گەردێکی بچووک دەبینێ، بۆیە وەک غەمبارێک هەستەکەی دەردەبڕێت.
لەبەزمی عیشقدا فایق کەسێکە
زەعیف و خەستە و خاترپەرێشان ( مەلاوەسمان: 1973: 96)
ڕاستەوخۆ لەبارەی بێ توانایی خۆی لە عیشقدا باسدەکات، دەڵێت: من لەبەزمی عیشقدا کەسێکی لاواز و نەخۆش و گیرۆدە و بێ دەسەڵاتم.
لە نێوان بەهێزی و لاوازیدا
لە هەندێک شوێندا ئەگەرچی لە شێوەدا بەلاواز دەردەکەوێ، بە وردبوونەوەی زیاترمان بە پێی ناوەڕۆکدا شێوەیەکی نێوەندگیری بەدەردەکەوێت، بۆ نموونە لەم دوو دێڕەدا دەڵێت:
سەبەبی عیشقە لەعالەم دا کە ڕسوام
لەبۆم بگرن بەلا قەومان و خێشان ( مەلاوەسمان: 1973: 94)
عیشق بۆتە هۆی تێکدانی باری ژیانی ئاسایی و داوا لە خزم و کەسەکانیش دەکات کە بۆی بگرین، کە بە هۆی عیشقەوە شەرمەزاریان بووە.
ئەگەر ڕسوام لە عالەم دا ئەگەر مەحزوون لە ماتەم دا
شوکر مەفتوونی ڕوخسارت بووم ڕسوای عیشقی تۆ ( مەلاوەسمان: 1973: 91)
واتە: ئەگەر ڕسوام لە جیهاندا و ماتەم گێرم لە عیشقدا، لەبەر ئەوەی لەتۆ نزیکم، مادام عاشقی تۆم قەیناکە، عاشقیش هەردەبێت ڕسوابێت، ڕسوابوونم لە عالەمدا بەهێزی کردووم، گوێ بە قسەی خەڵک نەدەم و شانازی بە ڕسوابوونەکەم بکەم.

## مەی لە نێوان حەلال و حەرام دا

مەستی لە ئەنجامی خواردنەوەی مەی دێتەکایەوە، عیشق و مەی بەشێکی لێکدانەبڕاوە لای مەلاوەسمان، شاعیر عیشقەکەی لەگەڵ مەی تێکەڵکردووە، تا لەسەر مەستیدا ئاشقانەتر لە عیشق بدوێت، نزیکبوونەوەی لە مەعشوق لە مەستیدا دەبینێتەوە و مەستی بە جیهانێکی تایبەتی عاشقان

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی (٦) – ژمارە (٤)، پاییزی ٢٠٢١
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

لەقەڵەمدەدا، بۆیە خزمەتکردن و بەپیرۆز زانینی مەیخانە و قوربانی دەستی ساقی وەک پێویستی و ئەرک سەیردەکات.

مەی خواردنەوە و بەدمەستی لە ئاینی ئیسلامدا وەک بابەتێکی زیانبەخش و نەهی لێکراو سەیرکراوە، لەبارەی نەهی کردنی مەی خواردنەوە لە ئیسلامدا بە سێ قۆناغ داڕۆیشتووە و دەقی ئایەتەکانیش ئەمانەن:

قۆناغی یەکەم: (يَسْأَلُونَكَ عَنِ الْخَمْرِ وَالْمَيْسِرِ قُلْ فِيهِمَا إِثْمٌ كَبِيرٌ وَمَنَافِعُ لِلنَّاسِ وَإِثْمُهُمَا أَكْبَرُ مِنْ نَفْعِهِمَا...) (البقرة: ٢١٩)، قۆناغی دووەم: (ا أيها الذين آمنوا لا تقربوا الصلاة وأنتم سكارى حتى تعلموا ما تقولون) (النساء:٤٣)، قۆناغی سێیەم: (يا أيها الذين آمنوا إنما الخمر والميسر والأنصاب والأزلام رجس من عمل الشيطان)( المائدە: ٩٠).

لەگەڵ ئەمانەشدا خودای گەورە، کە وەسفی چەند ڕووبارێکی بەهەشت دەکات، یەکێک لەو ڕووبارانە ( مەی)ە، کە ڕووبارێکی لەززەت بەخشە بۆ بەهەشتیان، وەک دەفەرموویت: (...وَأَنْهَٰرٌ مِّنْ خَمْرٍ لَّذَّةٍ لِّلشَّٰرِبِينَ...) (محمد: ١٥)

کەواتە: مەی دونیایی حەرامە، لێرەدا چەند پرسیارێک دروست دەبێت، ئەوانیش:

1 . مەی نەهی لێکراو و حەرامە، ئەی بۆچی شاعیر خواردنەوەی بە پیرۆز و پێویست دەزانێت؟
2 . مەیخانە، شوێنێکی نەشیاو و قەدەقەکراوە، ئەی بۆ شاعیر حەزناکات ساتێک لێی دووربێت؟
3 . ساقی کاری بەدمەستی و نەهی لێکراوە، ئەی بۆ شاعیر بۆتە قوربانی دەستی ساقی؟

لە وەڵامدا دەڵێن: ڕاستە مەی و مەیخانە و ساقی نەهی لێکراون و نابێ نزیکایەتی هەبێ لەگەڵیاندا، بەڵام مەبەست لە (مەی ) زیکر و یادی خودایە، مەیخانە کۆڕی یادکردنەوە – تەکیە و خانەقا- یە، ساقی شێخی تەریقەت و ڕێگەنیشاندەرە، بۆیە واتای ڕاستەقینەی خۆیان لەدەستداوە و بە مەجاری بەکارهاتوون، بۆ سەلماندنی ڕاستی و درووستی قسەکانمان، چەند بەڵگەیەک دەخەینە بەرچاو:

قوڕ بەسەر زاهید کەوا مەحرومی ئەسراڕی (مەی) ە
ڕاحە ڕاحەت بەخشی ڕۆح ڕاحراحەی دڵ پڕ نوور دەکا ( مەلاوەسمان: 1973: 46)

خاک بەسەرە زاهیدی ڕیاباز، چونکە لە نهێنی مەی تێناگە، پێکی مەی ئاسوودەبەخشی ڕۆحە و دڵ و دەروونیش پڕ لە نوور دەکات.

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەڕەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی (٦) – ژمارە (٤)، پاییزی ٢٠٢١
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

عیشقە خومی مەیکەدەی هێنایە جۆش

عیشقە تازەی کردەوە عەهدی قەدیم ( مەلاوەسمان: 1973: 183)

لیرەدا شاعیر بە ڕوونی (عیشق و مەی) بەیەکەوە دەبەستێتەوە، دەڵێت: ئەوە عیشقە (خوم =کوپەی مەی) (محەمەد نووری عارف: ٣٥٧) لە مەیخانەکان هێناوەتە جۆش، هەر عیشقیشە ئەو بەڵێنەی لە پێشینە بە خودامان دابوو، تازەی کردۆتەوە، مەبەست لە عەهدی قەدیم ئاماژە بۆ ئایەتی: ( ألست بربکم قالوا بلی... ) ( الاعراف: ١٧٢).

خەممارینی ئەمما مەستی شەڕابی عومری دووڕۆژەیی

خەجاڵەت بی چە نابینای کە کەسبی رەنگ و بۆی ناکەی ( مەلاوەسمان: 1973: 165)

مەلاوەسمان سەرزەنشتی مەستان دەکات و دەڵێت: لە مەستی دای، بەڵام مەستی شەڕابی دونیایی، ئەی خەجاڵەت بی، چییە نابینای هەست بەلایەنی ئەو مەیە خراپە ناکەی. یاخود هەست بە ڕەنگ و بۆنی شەڕابی ڕاستەقینە ناکەی، کە لای ئێمە هەیە، کە زیکرکردنە.

دەمێکە من غەریمی مەی فرۆشم شوکری تۆ یاڕەب

هەوا خواهێکی وەک ساقی بەیەک غەمزە لەباتی دام ( مەلاوەسمان: 1973: 110)

ئاماژە بە شێخی دەکات و بە ساقی ناوی دەبات، دەڵێت: دەمێکە من قەرزاری مەی فرۆشم، سوپاسی خوایە گیان، ساقی بەیەک غەمزە و ئیشارەت لەجیاتی دامەوە.

## مەی و ساقی و مەیخانە

لەتەوەری پێشوو بۆمان ڕوونبۆوە، هەرسێ چەمکەکە بە واتای مەجاری وەک هێمایەک بەکارهاتوون، لەواتای ڕاستەقینە خۆیانەوە لادراون، بۆیە لەم تەوەرە بە پێویستمان زانی هەڵوەستەیەک لەسەر چۆنیەتی باسکردنی لە نێو دەقەشیعرەکانیدا هاتوون.

شاعیر لە دەقە شیعرەکانیدا هەمیشە وادەردەکەوێ کە مەی خواردۆتەوە و هەمیشەش بۆتە قوربانی دەستی ساقی و خاکی دەری مەخانەی بەرنەداوە، شوکرانەی خوای کردووە لەسەر نیعمەتەکان، بەتایبەت لەززەت و خۆشی مەی. ئەگەرچی نموونەی شیعری زۆرن لەمبارەیەوە، بەڵام لەخوارەوە ئاماژە بە هەندێکیان دەکەین.

مەی:

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی (٦) – ژمارە (٤)، پاییزی ٢٠٢١
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

( مەی، بادە، شەڕاب، عەرەق، خەمر، ... ) خواردنەوەی لە جیهانی واقیعی و سۆفیانەدا، لەززەت و خۆشی خۆی هەیە، بەڵام لە سۆفیانەدا عاشق کە مەست دەبێ، زیاتر هەست بەبوونی مەعشووقەکەی دەکات و لیی نزیکدەبێتەوە، چونکە وێردی زمانی ناوی مەعشووقە، مەلاوەسمان تاسەر ئیسقان عاشقی مەعشووقەیەتی و نایەوێ ساتێ لە یاردووربێ، هەربۆیە هەوڵیداوە هەمیشە لەگەڵ مەی بژی و سەرماستانە لەبارەیەوە بدوێ، هەرگیز گوێ بەقسەی هیچ کەسێک نەدات، لەخوارەوەدا چەند نموونەیەک دەخەینەبەرچاو:

شەڕابی نابی عیشقە قووتی رۆحم
نە ئەفسەردەی هەوای تریاک و بەنگم ( مەلاوەسمان: 1973: 51)

شاعیر پەنا بۆ مەی دەبا و دەڵێت: بادە و شەڕابی ڕۆحی دەخۆمەوە، نەک تریاک ( تلیاک) و حەشیشە، چونکە ئەو (مەی)ەی من مەی ڕاستەقینە و ئارامبەخشی دەروونە و زیانم پێناگەیەنێت، نە وەکو ئەو (مەی)یەی کە مەستییەکی گێژ و حۆلکەرە، بۆیە بۆتە خۆراکی گیانم.

بە چاوم سوێند دەدەی هەی هەی نەکەی نۆشی پیاڵەی مەی
شەڕاب نۆشم بە چاوی تۆ لە ئەوقاتی قەسەمە جانا ( مەلاوەسمان: 1973: 77)

سوێندی دەدەن و هەی هەی لێدەکەن کە مەی نەخواتەوە، بەڵام لە وەڵامدا دەڵێت: سوێند بە چاوی تۆ - یان لەبەر خاتری تۆ – گیانە من هەموو دەم بە پیاڵەی مەی مەی دەنۆشم، چونکە مەی( زیکر) سەرچاوەی شادبوونمە بە تۆ.

لە تەعنەی سۆفی و واعیز هەتا دەمرم نیم عاجز
بە شوکرانەی هەزار نیعمەت، خوسوسەن لەززەتی بادە ( مەلاوەسمان: 1973: 57)

لە تانە و تەشەری سۆفی و واعیزی ڕیایی دڵگران نابم و هەتا دەمرن، چونکە خودایە تۆ نیعمەتی زۆرت لەگەڵ کردووم و شوکرانەیان دەکەم، بە تایبەت نیعمەتی بە خشینی مەی لای من؛ لەسەرووی هەموو نیعمەتەکانە.

ساقی:

مەبەست لە ساقی – وەک لە پێشتردا ئاماژەمان پێکرد و لەبارەیەوە دواین- ڕابەری تەریقەت و ڕێگەنیشاندەری عاشقە، هەمیشە وەک ساقی دەستی شاعیری سۆفی گرتووە و وایکرتووە ڕشتتر و بە شەوقەوە بۆ مەی خواردنەوە بچێ و لە مەیخانە دانەبڕێت، هەربۆیە لە ستایشی ساقیدا دەڵێت:

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی (٦) – ژمارە (٤)، پاییزی ٢٠٢١
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

وەرە عومری گران مایەت نیساری بوربوت و مەی کە
خەجاڵەت باری ساقی بی، لەگەڵ سینە و سەری خاڵی ( مەلاوەسمان: 1973: 80)

لێرەدا مەلاوەسمان تەنیا خۆی نایەوێت مەی نۆشی دەستی ساقی بێ، بەڵکو بانگەشەشی بۆدەکات و دەڵێت: وەرە ژیانی دونیایت بەفیرۆ مەدە و خۆت شەرمەزاری دەستی ساقی بکە و تا دڵ و دەروونت خاڵی نەبێت، چونکە مەی ئارامبەخشە و ساقی بۆمان دەڕازێنێتەوە و پێمانی دەدات. بە واتایەکی تر: وەرن دونیا دووڕۆژێکە و دەبێ بمرین، بۆ لەگەڵ بۆنخۆشی و لەززەتی بادە نەژین، وەرە با خەجاڵەتی دەستی ساقیبین، ئەو ساقییەی دڵ و دەروونی جگە لە بەختەوەری ئێمە هیچی خاڵییە و هیچی تێدانییە.

چاوت چییە ساقی دەهەنت پڕ مەی باقی
مەحرومی نەشئەیی ئەو مەیە هەر سوفلە سوقاقی ( مەلاوەسمان: 1973: 227)

واتە: سەیری چاوی ساقی بکە و ببینە ددانی پڕ لە مەی نەمرە، ئەو کەسەی لەم لەززەتە دوور و بێبەشە، تەنیا کەسێکی کۆڵانگەڕ و بێ نمەکە. مەبەستی ئەوەیە کە شیخەکەی هەمیشە دەم و زاری بە زیکرە، سۆفیانی لەدەوری کۆبوونەتەوە بۆ زیکرکردن، ئەوەی لەم دانیشتنە بێبەش بێ، کەسێکی کات بەهەدەردەرە.

ئەوا عومرت بە زاییع چوو، نەدونیات بوو، نەدینت بوو
لە خەتتی مەسحەفی ساقی بخونە عومری دووبارە ( مەلاوەسمان: 1973: 99)

ئەوە تەمنی جوانی دونیایت بەفیرۆ ڕۆیی، نە دونیات بۆ بە دەستهات، نە دواماییش، وەرە عومری خۆت دووبارە بکەوە، لە دەوری نووسراوی و ڕێنمایی ساقی ڕێگە نیشاندەر بە.

مەیخانە:

لای (مەلا وەسمان) مەیخانە – تەکیە و خانەقا- خاکێکە پێویستە بە خاوێن و پیرۆز ڕابگیرێ، هۆکارەکەشی پەیوەستە بە عیشقەوە، وەک لەم دێڕەدا دەڵێت:

عیشقە مایەی مەعریفەت بازاڕی نرخی مەیکەدە
چاک وەهایە خاکی ڕێگەی کەین بە موژگان روفت و ڕوو ( مەلاوەسمان: 1973: 11)

ئەوە عیشقە بۆتە سەرچاوە و مایەی زانینی شتەکان و لە مەیخانەدا نرخی هەیە و بەدەست دێت، بۆیە واچاکە ڕێگەی مەیخانە بە برژانگ بماڵین و خاوێنی ڕابگرین. مەبەستی خزمەتکردنی کۆڕ و زیکری سۆفیانەیە.

خەزەف بێ سینە گەر زەرفی مەحەببەت بێ سەدەف وارە

کەدوبێ سەر ئەگەر سەنگە لەڕێی مەیخانە خۆشحاڵی ( مەلاوەسمان: 1973: 81)

لە ستایشی مەیخانەدا دەدوێ، کەرەستەکانی ناویشی لا بەنرخ و پەسند دەبێ، دەڵێ: ئەگەر سینە وەکو خەزەف – قاپی لەگڵ دروستکراو- یش بێ، کە جامی مەی خواردنەوە و مەیخانەبوو، ئەوە وەک سەدەف وایە، ئەگەر سەرێک ڕاگری تەواو و سەنگە- ئەگەر تێگەیشتووی-، تێدەگەی ئەوە لە ڕێگەی مەیخانەدا خۆشحاڵی.

شۆڕ و شەڕەڕی عیشقە لە شیشەی مەیە قوڵقوڵ

وەک کەبکی دەری دێ لە دەری مەیکەدە ناڵم ( مەلاوەسمان: 1973: 41)

شورەشورِی عیشقە کەوا لە پیاڵەی مەی مەیخانەدا قوڵقوڵ دەکات و دەنگی لێوە دێت، هەر بۆیە وەکو کەو دەناڵێنم و دەخوێنم لە دەوری مەیخانەدا.

## عیشق و مەی ناساندن و شانازیکردن

ناساندن:

مەلاوەسمان (مەی و عیشق) بەیەکەوە دەبەستێتەوە، پێی وایە: بە تێکەڵاوبوونیان خۆشییەکی زیاتر دەبەخشن و هەریەک لەلایەک کاری زیاتر دروستدەکەن، دەڵێت:

نەهیبی عیشق و خەندەی شیشەی مەی

دەدەن هەریەک لە لایێ زۆر و سەدمەت ( مەلاوەسمان: 1973: 198)

ترسی عیشق و خەندی جوانی پیاڵەی مەی، هەریەک لەلایەک خەڵکی کێش دەکەن و ڕایدەکێشن بۆ خۆی.

تابی عیشق و سازی عیشق و سۆزی عیشق

میوەی ئەلوانی جەنناتی نەعیم ( مەلاوەسمان: 1973: 183)

گەرمی عیشق و سازی و سۆزی عیشق میوەی ڕەنگاوەنگی بەهەشتی خودان.

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەڕەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی (٦) – ژمارە (٤)، پاییزی ٢٠٢١
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

شانازیکردن بە توانای شاعیریی و نووسین لە بواری (عیشق و مەی) ەوە:

دائیرەی دوو مەسرەعی شیعرم بووە بەسەرمەشقی عیشق
(حاجی) کوشتەی ئەبرۆتە، (نالی) لەچاو حەیران دەبێ ( مەلاوەسمان: 1973: 123)

دووبەیتی دەستپێکی شیعرم لەبارەی عیشق ە سەرمەشقی عیشقەوەیە، حاجی و نالی وەک دوو شاعیری مەزنی ئەم بوارە بە دیارییەوە دادەمێنن، یان بە واتایەکی تر و بە شێوەیەکی گشتی (مەلا وەسمان" تێڕوانینی وایە: خۆی سەرمەشقی عیشقە، چونکە لە بارەی عیشقی حەقیقی دەنووسێت و عیشقی حەقیقی دەردەبڕێت، بۆیە جیاوازی زۆری لەگەڵ شاعیرانی تر؛ وەك: "نالی" و "حاجی" لە دەربڕینی جۆری عیشقدا هەیە، لەبەر ئەوەی "نالی" و "حاجی" لە بارەی عیشقی مەجازی دەدوێن و هەستیان دەردەبڕن، بەڵام "مەلا وەسمان" لە بارەی عیشقی حەقیقی هەستی دەردەبڕیت) (کەریم، ٢٠١٦: ٥٠).

لایەقی هەر کەس نییە بێت و لەبەرکاتن غەزەل
ڕەنگ ڕەنگی عیشقی تۆ هەر بۆ ساحیبی دیوان دەبێ ( مەلاوەسمان: 1973: ١٢٥)

لەبابەتی عیشقدا خۆی بە شاسواری مەیدان دەزانێت و لای وایە، تەنیا خۆی دەتوانێت، بەم چەشن و ڕووە لەغەزەلدا عیشق ڕەنگ ڕێژ بکات، بۆ هەموو کەسێک ئەم کارە ناشێت، چونکە شایستەی ئەم بابەتە نین و ناتوانن حەقی تەواوی پێ بدەن.

شۆخ و مەست، مەی پەرستم داوەری گەر چاکرم
خاوەنی دیوانی عیشقم عاریفان (تلمید) دەکەم ( مەلاوەسمان: 1973: ١٦٠)

جوان و شۆخ و مەستم، دادوەرێکی مەی پەرستم و چاکەکار و خزمەتی دەکەم، هەربۆیە بوومەتە خاوەنی دیوانێکی عاشقانە و سۆفی و عاریفان دەکەمە قوتابی خۆم و بە قوتابی خۆمیانی دەزانم.

## ئامار

خشتەیەک بۆ ژمارەی دێڕەکان لە کۆی (٤٤) غەزەلدا

| ژمارەی غەزەل | ژماری دێڕ | ژمارەی غەزەل | ژماری دێڕ | ژمارەی غەزەل | ژماری دێڕ |
|---|---|---|---|---|---|
| ١ | ٧ | ١٧ | ٩ | ٣٣ | ٧ |
| ٢ | ٧ | ١٨ | ٧ | ٣٤ | ٩ |

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی (٦) – ژمارە (٤)، پاییزی ٢٠٢١
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

| | | | | | |
|---|---|---|---|---|---|
| ٣ | ٩ | ١٩ | ٧ | ٣٥ | ٧ |
| ٤ | ١١ | ٢٠ | ٩ | ٣٦ | ٩ |
| ٥ | ٧ | ٢١ | ٧ | ٣٧ | ٩ |
| ٦ | ٩ | ٢٢ | ٨ | ٣٨ | ٩ |
| ٧ | ٩ | ٢٣ | ٩ | ٣٩ | ٩ |
| ٨ | ٧ | ٢٤ | ٩ | ٤٠ | ٩ |
| ٩ | ٧ | ٢٥ | ٩ | ٤١ | ٩ |
| ١٠ | ٧ | ٢٦ | ٧ | ٤٢ | ٩ |
| ١١ | ٧ | ٢٧ | ٧ | ٤٣ | ١٢ |
| ١٢ | ٧ | ٢٨ | ٩ | ٤٤ | ١٧ |
| ١٣ | ٧ | ٢٩ | ٧ | | |
| ١٤ | ٩ | ٣٠ | ٩ | | |
| ١٥ | ٩ | ٣١ | ٩ | | کۆی گشتی دێڕەکان |
| ١٦ | ٩ | ٣٢ | ٩ | | ٣٧٤ |

خشتەیەک بۆ دووبارەیی وشەکان لە تێکرای ( ٤٤) غەزەلدا

| ژ | وشە | چەندجارەی بەکارهاتوو | کۆی گشتی | ڕێژەی سەدی لە کۆی غەزەلەکاندا | ڕێژەی سەدی لە کۆی دێڕی غەزەلەکاندا |
|---|---|---|---|---|---|
| ١ | عاشق | ٩ | ١٧ | ٣٨.٦٣٦ | ٤.٥٤٥ |
| ٢ | عوششاق | ٢ | | | |
| ٣ | دڵدار | ٦ | | | |

| ژ | وشە | چەندجارەی بەکارهاتوو | کۆی گشتی | ڕێژەی سەدی لە کۆی غەزەلەکاندا | ڕێژەی سەدی لە کۆی دێڕی غەزەلەکاندا |
|---|---|---|---|---|---|
| ١ | عیشق | ٨٢ | ٩٥ | ٢١٥,٩٠٩ | ٢٥,٤٠١ |
| ٢ | حوب | ٢ | | | |
| ٣ | مەحەببەت | ٧ | | | |
| ٤ | هوا ( هەوا) | ٤ | | | |

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی (٦) – ژمارە (٤)، پاییزی ٢٠٢١
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

| ژ | وشە | چەندجارەی بەکارهاتوو | کۆی گشتی | ڕێژەی سەدی لە کۆی غەزەلەکاندا | ڕێژەی سەدی لە کۆی دێڕی غەزەلەکاندا |
|---|---|---|---|---|---|
| ١ | مەعشوق | ٤ | ٢٢ | ٥٠ | ٥.٨٨٢ |
| ٢ | یار | ٣ | | | |
| ٣ | مەحبوب | ٢ | | | |
| ٤ | حەبیب | ٢ | | | |
| ٥ | دولبەر | ٦ | | | |
| ٦ | ئەحەببا | ١ | | | |
| ٧ | دۆست | ٤ | | | |

| ژ | وشە | چەندجارەی بەکارهاتوو | کۆی گشتی | ڕێژەی سەدی لە کۆی غەزەلەکاندا | ڕێژەی سەدی لە کۆی دێڕی غەزەلەکاندا |
|---|---|---|---|---|---|
| ١ | مەی | ١٥ | ٢٦ | ٥٩.٠٩٠ | ٦.٩٥١ |
| ٢ | شەراب | ٤ | | | |
| ٣ | بادە | ٦ | | | |
| ٤ | عەرەق | ١ | | | |

| ژ | وشە | چەندجارەی بەکارهاتوو | کۆی گشتی | ڕێژەی سەدی لە کۆی غەزەلەکاندا | ڕێژەی سەدی لە کۆی دێڕی غەزەلەکاندا |
|---|---|---|---|---|---|
| ١ | ساقی | ١٠ | ١٤ | ٣١.٨١٨ | ٣.٧٤٣ |
| ٢ | مەی فرۆش | ١ | | | |
| ٣ | خەممار | ٣ | | | |

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی (٦) – ژمارە (٤)، پاییزی ٢٠٢١
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

| ژ | وشە | چەندجارەی بەکارهاتوو | کۆی گشتی | ڕێژەی سەدی لە کۆی غەزەلەکاندا | ڕێژەی سەدی لە کۆی دێڕی غەزەلەکاندا |
|---|---|---|---|---|---|
| ١ | مەیخانە | ٤ | ٨ | ١٨.١٨١ | ٢.١٣٩ |
| ٢ | مەیکەدە | ٤ | | | |

| ژ | وشە | چەندجارەی بەکارهاتوو | کۆی گشتی | ڕێژەی سەدی لە کۆی غەزەلەکاندا | ڕێژەی سەدی لە کۆی دێڕی غەزەلەکاندا |
|---|---|---|---|---|---|
| ١ | مەست | ٢١ | ٢٤ | ٥٤.٥٤٥ | ٦.٤١٧ |
| ٢ | سەرخۆش | ٢ | | | |
| ٣ | مەخمور | ١ | | | |

## ئەنجام:

1 . عیشق و مەی سەرچاوەیەکی پێویست و گرنگن لای شاعیر، بۆیە بە شانازی و پڕ لە هیواوە بۆ ئەم بابەتە چووە، بە هۆی زۆری و دوبارەبوونەوەی بابەتی عیشق و مەی لەشیعرەکانی مەلاوەسماندا، دەتوانین وەک دووچەمکی بنەڕەتی شیعرەکانی سەیری بکەین و بڵێین: تەواوی شیعرەکانی بە دەوری ئەم دوو چەمکدا سووڕاونەتەوە.

٢. عیشق زۆرترین وشەی دووبارەبووەوەیە، کە ( ٨٢)جار لە کۆی (٤٤) غەزەلدا دووبارەبۆتەوە.

٣. مەلاوەسمانی عاشق خۆی بە سەرداری عاشقان دەزانێ و لای وایە کەس ناتوانێ وەک ئەو لە بارەی عیشق بدوێت، ئەمەش بۆ ڕاستەقینەی عیشقەکەی دەگەڕێتەوە.

٤. لە عیشقدا بە شێوەیەکی گشتیدا بە دوو چەشن دەردەکەوێت، بە شێوەی زۆر بە هێز و لەوپەڕی بەهێزیدایە، وەک پاشا خۆیمان نیشاندەدا، یان بە پێچەوانەوە زۆر لاواز و گیرۆدەیە، کە ئەمەش پەیوەستە بەو بارودۆخەی شاعیر تێیکەوتووە و لەو ساتەی شاعیر شیعرەکەی داناوە.

5. مەعشوقەکانی مەلاوەسمان چوارن، خودا، پێغەمبەری خودا (محمد د.خ) – بە ڕاستەوخۆ ناڵێت من عاشقی پێغەمبەرم، ڕابەری تەریقەت -عاشقی ڕابەرەکەی بە عیشقە گەورەکەی – خوداکەی- ناساندووە، زیاتر وەک مەیگێڕ و ڕوناککەرەوەی ڕێگەی سۆفی عیشقی بۆی دەرکەوتووە. یار ( دڵداری

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی (٦) – ژمارە (٤)، پاییزی ٢٠٢١
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

ئافرەت)، بەڵام ئەم یارە وەک ناو ناوی نەهێناوە، کەچی وەک نازناو هەروەک (نالی) حەبیبە و مەحبوبەی بۆ بەکارهێناوە، تەنانەت لە هەندێک دێڕدا حەبیبە و مەحبووبەی بۆ یاری ڕاستەقینە – خودا- ش بەکارهێناوە، سەرەڕای حەبیبە و مەحبوبە دڵدار و مەعشوق... بەکاربردووە، ئەمانە وایکردووە لەگەڵ عیشقەکانی تر وەک عیشقی (خودایی) و ( پێغەمبەر) و (شێخی تەریقەت ) تێکەڵاوبن و هەر تەنیا وەک بوونێک لە بەشێک لە شیعرەکانیدا هەستی پێ بکرێت.

٦. مەبەست لە ( مەی، ساقی، مەیخانە) لە دەقەشیعرەکانی مەلاوەسماندا وەک هێما بەکارهاتوون، واتا بە شێوەی مەجازین، ئامانجی بەکارهینانیشیان پەیوەستە بە عیشقەوە.

## سەرچاوەکان

قورئانی پیرۆز، "البقرة، النساء، المائدة، محمد".
کتێبی کوردی:
شوان، ئیبراهیم ئەحمەد(2012) ، ئەدەبی کۆنی کوردی، چاپخانەی زانکۆی سەلاحەددین، چاپی دووەم، هەولێر.
عەبدوڵڵا، ئیدریس(2013) ، کۆوانەکانی ڕەوانبێژی، چاپخانەی ڕۆژهەڵات، هەولێر.
موتابچی، ئەمین،(1973)دیوانی مەلاوەسمان، چاپخانەی ئاداب- ، چاپی یەکەم، نەجەف.
کتێبی عەرەبی:
الفوزان، صالح بن الفوزان بن عبدالله(2018)، شرح كتاب الايمان من صحيح البخاري، مؤسسة التراث الذهبي للنشر والتوزيع، الطبعة الاولى.
القيسي، احمد ناجي(1969)، عطارنامه او كتاب فريدالدين العطار النيسابوري و كتابه منطق الطير، الطبعة الاولى، مطبعة الارشاد، 1969.
لالو، شارل(2010)، مبادئ علم الجمال "الاستطيقا"، ترجمة: مصطفى ماهر، مراجعة و تقديم: يوسف مراد، المركز القومي للترجمة، القاهرة.
مطر، اميرة حلمي(2013) ، مدخل الى علم الجمال و الفلسفة الفن، طبعة دار التنوير للطباعة و النشر، طبعة الاولى، مصر.
نصر، عاطف جودة(1978) ، الرمز الشعري عند الصوفية، دار الاندلس للطباعة والنشر والتوزيع، طبعة الاولى.
نامەی ئەکادیمی:

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی (٦) – ژمارە (٤)، پاییزی ٢٠٢١
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

ڕەوەندی، محمد عبدالرحمن ابراهيم(2004) ، عيشق لە لای مەلای جزيری و حافزی شيرازی، نامەی دكتۆرا، زانكۆی سەلاحەددين.
كەريم، پشتيوان ئەسعەد(2016) ، شيعر لە ڕوانگەی شاعيرانی كلاسيكی كوردەوە كرمانجی خواروو وەک نموونە، نامەی ماستەر، زانكۆی سەلاحەددين.
فەرهەنگ
عارف، محەمەد نوری(2007)، فەرهەنگی ديوانی شاعيران ( نالی، سالم، كوردی)، چاپخانەی دەزگای ئاراس، هەولێر.
گۆڤاری ئەكاديمی عەرەبی:
احمد، رزق المتولي رزق(2020) ، صورة الخمر في الشعر ابي الهندي و اثرها في خمريات ابي نواس ((رؤية نقدية تحليلية))، مجلة العربية المحكمة، المجلد(24)، العدد(9).
ادريس، خالد علي(2019) ، رمزية الخمر في الشعر الصوفي، مجلة اكاديمية للبحوث الدراسات للسنة:2، العدد:2.
حسينی، مهناز كعيان(2021) ، مظاهر الحب من وجهه نظر ملا صدرا و الامام الخميني(ره)، مجلة اداب الكوفة، العدد:47/ج٢.
حيدر، علي & (فارس) عيسى & (عبدالقادر)ماهر(2017) ، الحب الاهي في شعر المقدسي، مجلة تشرين للدراسات و البحوث العلمية، مجلد(29)، العدد (1).
سليطن، وفيق(2010) ، في نظرية المعرفة عند الغزالي مفهوم الحب و التعقيد المعرفة الصوفية، مجلة جامعة التشرين للبحوث والدراسات العلمية المجلد(32)، العدد(2).
الشقرني، مروی شحاتة محمود(2020) ، اثر الخمر في شاربها بين ابي نواس و الشعراء الاندلس، حولية الكلية العربية بايتاي البارود، مجلة العربية المحكمة، المجلد (33)، العدد (1).
صادقي، حامد و (ويسي )ياسين(2012) ، المراة المعشوقة في اشعار المعلقات السبع، مجلة اضاءات نقدية، السنة الثانية- العدد السادس.
عباس، مرتضی بابكر احمد(2021) ، تجليات الرمز في الشعر السوداني، مجلة جوليات الاداب و اللغات، المجلد 9، العدد 2، جزائر.
فتاتين، اسماعيل حسن(2018) ، لغة الحب الاهي واسلوبها الرمزي عند الشعراء التصوف( دراسة في شعر العفيف للتلمساني)، مجلة شمالجنوب، العدد الثاني عشر.
محمد، علي فتحي الله احمد(2018)، تطور انماط الرمز في الشعر العربي، مجلة الكلمة، مجلد(25)، العدد(101).
مرسلي، بولشعار(2013) ، خصائص الفنية للرمز عند الصوفية، مجلة علوم اللغة العربية و ادابها، العدد الخامس.

گۆڤاری قەڵای زانست

گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق

بەرگی (٦) – ژمارە (٤)، پاییزی ٢٠٢١

ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

ناصر، عبداللطيف جدوع(2006)، حب الله و حب رسوله منبع الالهام و الشعر عند الصوفية، مجلة جامعة تكريت الانسانية، المجلد(13)، العدد(9).

سەرچاوەی ئەنترنێت:

www.almaany.com/ar/dict/ar-ar

## الملخّص

إنّ هذا البحث من المواضع القيمية الرئيسة، وويتمثّل في (العشق والخمر) كمفهومين أساسيين في الشعر الكوردي لملا وسمان. هذا، وإنّ ملا وسمان يتموقع مركزاً جوهريّاً وفعالاً في قصة وحكاية الحب والعاشق للمعشوق؛ ذلك أن الروح أساس الموضوع، ويكمن في كشف روح الفخر للمعشوق، كما وإن المحاور الأساسية التي يتضمّنها العشق والمعشوق في (الخمر ونوادي الخمر والساقي) تنمو وتظهر جليّاً في مساحاتها.

إن هذا البحث يتألف من مقدّمة وفصلين:

ففي الفصل الأول: سلّط الضوء على بيان أنواع العشق، وتلك الرموز التي سطّرت من قبل الشعر، إلى جانب كشف المعايير العشقية. إن هذا البحث يوضّح ماهيّة مركزية ذلك السؤال: هل أن عشق الشاعر هو عشق إلهي أو دنيويّ؟ هذا، وبالإضافة إلى العديد من تعاريف مفهوم العشق وأنواعها، فإنّه يوضح مكامن الخمر ونوادي الخمر، وقيم روح العشق.

إن الفصل الثاني يتضمّن معشوق الشاعر، والذي هو عبارة عن ( الله، والرسول، ومقدّمة عن طريقة (الشيخ عثمان التويلي) النقشبندي)، إذ يضع كل من هذه المفردات في مجهر البحث، ومن ثمّ يهيّء مركز لمساحة العشق بنقاط ضعفها وقوّتها مركزاً للتمحيص، كما وتناول في هذا الفصل مفردة المشروب. وفي الوقت نفسه، لم يتغافل عن فكرة الحلال والحرام للمشروب أيضاً؛ موضّحاً ذلك بالتفسير والتوضيح.

إنّ دراسة هذا الشعر من الأشعار الكورديّة لملا وسمان قد أطفى على السطح محاولة جديدة في ترسيم عوالم دراستها، والتي تتجسّد في عرض إحصائيات الغزل والأوراد الغزلية بطرق حسابية ورقمية، وكالآتي: (العاشق والمشوق، الحي والمحبوب، الحبيبة وعاشقيها، الحبيب والخمر والشراب،...).

وفي نهاية البحث، تمّ عرض نتائج البحث وقائمة المصادر، منتهياً نهاية صفحاتها بملخّصي اللغة االعربية والإنجليزية.

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەڕەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی (٦) – ژمارە (٤)، پاییزی ٢٠٢١
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

# (Love and Wine) as a Two Fundamental Concept in the Kurdish Poems of Mulla Wasman

**Asst. Lect. Pshtiwan Aasaad Karem**
Department of Medical Laboratory, Soran technical institute, Erbil polytechnic University, Erbil, Kurdistan Region, Iraq
pshtiwan.kareem@epu.edu.iq

**Asst. Lect. Hawkar Jameel Mohammed**
Department of Information System Managetment, Shaqlawa Technical College, Erbil Polytechnic University, Erbil, Kurdistan Region, Iraq
hawkar.mohammed@epu.edu.iq

**Asst. Prof. Dr. Azad Ahmed Mahmood**
Department of Business Management Technigues, Erbil Technical Management college, Erbil Polytechnic University, Erbil, Kurdistan Region, Iraq.
azad.mahmood@epu.edu.iq

## Abstract
This research paper explains (love and alcohol) the incomprehensible founders in Kurdish poetry for them. This is because (Mullah Wasman) is at the center of the essence and active in the story and the story of love and affection for the beloved; That is, the soul is the basis of the subject in discovering the spirit of pride for the beloved. Due to this, it is the basic substance that guarantees love and affection in (the drinker and the descendants of the drinker and the butler) is the appearance and appearance in the areas of this research paper.
This research paper includes the introduction and two chapters:
In the first chapter: The beginning of the discussion is expressed the types of love, and the mysteries that you wrote before the poem, to the side of discovering the criteria of love. This argument clarifies the central nature of the question: Is the love

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی (٦) – ژمارە (٤)، پاییزی ٢٠٢١
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

of the poet the love of God or the world? Thus, this research is added to the number of definitions of the concept of love and its types, because it clarifies the place of alcohol and the descendants of alcohol, and the spirit of love.
The second chapter includes the beloved of the poet, and the one who says: Allah, the Messenger, and the forerunner of the way (Sheikh Othman Al-Tawilaee). At that time, it’s did not neglect the thought of halal and haram for drinking; this is subject to interpretation and explanation. This poem is about the Kurdish poems, which they did not know, and they turned around on the surface of the new situation is drawing the right worlds, and they embodied in it the details of the lyric and the lyric intentions in arithmetic and numerical way, as followed: (The lover and the beloved, the life and the beloved, the beloved and the lovers, the beloved and the drink and the wine, ...).
At the end of the research, we highlight the results of the discussion and the sources, finally the pages Summary for languages: Arabic and English language.